





# کۆماری کەمینەکان

## لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە مێژوو و بنەماکانی سیستمی هەڵبژاردن لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

د. حسین دهشیار وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەجید ساڵح

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ رەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری کەمینەکان

## پێڕست

**بەشی یەکەم**

- کۆچەران...
- دیموکراسیی گوندنشینەکان...
- ریفۆرمخوازانی ئاینی دژی چەوسانەوەی دوو قاچ...

**بەشی دووەم**

- کۆماری ئەشرافەکان...
- ئەزموونی حوکمڕانی لە سەر ئاستی لۆکاڵی سەری هەڵدا...
- توانیان بەرەو ئاراستەیەکی زۆر پیچەوانە بڕۆن...
- موستەعمەراتەکان دژی چەوسانەوەن...

**بەشی سێیەم**

- بە بێ بونی نوێنەر باج وەرگرتن بوونی نییە...
- فەزیلەتی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان...
- لە دایک بوونی فیدرالیزم...

**بەشی چوارەم**

- نوخبەکان لە عەوام دەترسن...
- ئەریستۆکراتەکان دیموکراسیی دەخولقێنن...

**بەشی پێنجەم**

- یەکێتی نێوان دین و ئاین لە ئەمریکا...
- پلۆرالیزم و ئازادی مەزهەبی...



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەمی

- کولتوری ئینگلیزیی و لیبرالیزمی دایک...

بەشی شەشەم

بەشی دووەم و کۆتایی

- کولتوری ئینگلیزیی و لیبرالیزمی دایک...
- دەبێت لە چوارچێوەی لۆژیکی سنوردارکردنی دەسەڵات بنوسرێتەوە...
- بتوانێت کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات...
- هۆکاری یەکەمی دروست بونی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا...

بەشی حەوتەم

- لیبرالیستە کلاسیکەکان...
- بنەما گشتیەکانی دەستوری ئەمریکا...
- مەرجەکانی دەستوری ئەمریکا...

بەشی هەشتەم

- دوو شەیتان دژی سیستمی کۆماری...
- نایەکسانی، یەکسانیە...

بەشی نۆیەم

- نایەکسانی، یەکسانیە...
- دژی حکومەتی زۆرینە...

بەشی دەیەم

- پێنج پلان بۆ کۆماریی...
- سیستمی (Electoral College) و دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار...

بەشی یازدەیەم و کۆتایی

- دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری کەمینەکان

## لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە مێژوو و بنەماکانی سیستمی هەڵبژاردن لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



د. حسین دهشیار وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەجید ساڵح

### کۆچەران

ساڵی ١٦٠٧ یەکەمین دەستەی کۆچەرەکان گەیشتنە سەرزەمینێک کە ئەمڕۆکە پێی دەوترێت «ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا». کۆمپانیایەکی بازرگانی بریتانی توانی قەناعەت بە ١٤٠ کەس بهێنێت لە پێناوی ژیانێکی خۆشتردا کۆچ بکەن بۆ جوگرافیایەکی نائاشنا و دورەدەست. ١٠١ کەسیان کە بە سەلامەتی کۆچەکەیان تەواو کرد لەشاری «جیمز تاون»ی «ڤیرجینیا» کە گەورەترین موستەعمەرە بوو لە سیازدە موستەعمرەکەی ئەمریکا، نیشتەجێ بوون. دەوڵەتی بریتانیا لە چوارچێوەیی تێڕوانینێکی بازرگانیانەوە، هانی دروستکردنی موستەعمەراتی دەدا لەو سەرزەمینە نوێیەدا.

دروستکردنی موستەعمەرە لە رێگەی دەوڵەتی بریتانیاوە ناوەڕۆکی هەنگاوێکی تایبەتی لە خۆگرتبوو، کۆمپانیا بازرگانیەکان لە سێبەری «کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتیدا» ئەرکی فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتی بازرگانی بریتانیایان لە ئەستۆ گرتبوو. بە شێوەیەکی لەسەرخۆی و بە زۆرە ملێ هاوڵاتیانی بریتانیایان رەوانەی جوگرافیا تازەکە دەکرد. شانبەشانی ناوەندی بازرگانی لەندەن، کۆمپانیای بازرگانی «پلیموت»یش هاتە گۆڕەپانەکەوە.

لە پێناوی کۆچکردن بۆ سەرزەمینە نوێییەکە کە بە ریسک لە قەڵەم دەدرا، پادشای بریتانیا «جیمزی یەکەم» لە فرمانێکدا رایگەیاند «ئەو هاوڵاتیانەی ئێمە کە بۆ نیشتەجێ بوون دەچن بۆ موستەعمەرەکان، پێویستە لەو ئازادی و مافە یاسایانەی کە هاوڵاتیانی بریتانیا هەیانە بەهرەدار بن و ئەو منداڵانەشی کە لە ئەمریکا لە دایک دەبن، دەبێت ماف و ئازادی تەواویان هەبێت».

کۆچکردن کە لە سەرەتادا هۆکارەکەی پێداویستی ئابوری بوو هەم بۆ کۆچبەران و هەمیش بۆ دەوڵەتی بریتانیا، دوای دوو سەدە هۆکارەکەی گۆڕا بۆ هۆکاری سیاسی و ئەو فەرمانی پادشایەش بوە هۆی ئەوەی رەوایەتی خۆی لە سەر ئەو بنەمایە بە دەست بێنێت. دەسەڵاتدارانی بریتانیا کاتێک روبەڕووی یاخی بوون و راپەڕینی نەوەکانی کۆچبەرە سەرەتاییەکان بوونەوە، نەیانتوانی بە هیچ بیانویەک داخوازیەکانیان کە بە پێی ئەو فەرمانە بۆیان فەراهەم کرابوو، نادیدە بگرن.

ئەوگروپە کۆچبەرانەی کە لە سەرەتادا کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا، بە هۆی ئەو بەڵێنانەوە هاتن کە خاوەن کۆمپانیا بازرگانییەکان پێیان دابون کەوا هەلی دەوڵەمەندبوون لە موستەعمەرە نوێیەکاندا رەخساوە. بەڵام لە حەقیقەتدا کەمترین هەلی پێشکەوتن و پەرەپێدان لەئارادا نەبوو. کۆچبەرەکان بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن، پەنایان بردە بەر سور پێستەکان و داوای کۆمەکیان لێکردن. جوتیاری بوو بە پیشە، بە هاوکاری سپی پێستەکان چاندنی لۆکەو توتن دەستی پێکرد.

بەڵام ئەوەی ئاشکرا بوو ئەو سپی پێستانەی کە لە بریتانیاوە هاتبوون، خۆیان توانای کشتوکاڵیان نەبوو. هەر بۆیە هەستکرا کە پێویست بە هێزی دیکەی کارکردن دەکات. بۆیە زەرورەتی هێنانی کۆیلە هاتە ئاراوە. تایبەتمەندیەکانی ئاو و هەوای وڵاتەکەو سەختی چاندنی لۆکەو توتن، ئەوەیان سەپاند کە بە بێ بوونی کۆیلە هیچ شتێک سەرناگرێت. لە ساڵی ١٦١٩ یەکەمین دەستەی کۆیلەی رەش پێست هاتە سەرزەویە تازەکەوەو ڤیرجینیا بوو بە ناوەندی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە.

پێداویستی بۆ هێنانی کۆچبەری زیاتر بۆ سەرزەویە نوێیەکان کە خواستی کۆمپانیا بازرگانیەکان بوو بۆ زیاتر کۆکردنەوەی سەرمایە و دروستکردنی موستەعمەرەی زیاتر، پێویستی بەوە هەبوو رێگەی دیکە بۆ هاندانی کۆچکردنی خەڵک بدۆزرێتەوە. کۆمپانیا بازرگانیەکان کە ئەرکی دۆزینەوەی موستەعمەری نوێی لە ئەستۆدا بوو بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا، بەڵێنیان بە کۆچبەراندەدا بە خۆڕایی و بێ هیچ بەرامبەرێک زەوی کشتوکاڵیان پێبدەن. لە پاڵ ئەوەشدا رایانگەیاند کەوا ئیدارەی ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان بە دەستی خۆیان دەبێت و دەتوانن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خۆیان هەبێت.

هەڵبەت فەرماندار (حاکم) لە لایەن پادشا یان کۆمپانیاکان کە نوێنەرایەتی شایان دەکرد دیاری دەکرا، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان لە دەستی خەڵکەکەدا بوو. ئەوانە هەمووی لە پێناوی ئەوەدا بوو کە پاڵنەرەکان کاریگەریان زیاتر بێت بۆ کۆچکردن، تەنانەت مافی «ڤیتۆ» سەبارەت بە بڕیارەکانی کۆمپانیاکان درایە ئەنجومەنی یاسادانان. پێویستی هاندانی خەڵکی بریتانیا بۆ کۆچکردن بۆ سەرزەویە نوێیەکان لە پێناوی گەشەکردنی بازرگانی، بووەهۆی ئەوەی هەلی دروستکردنی حکومەتی لۆکاڵی لە لایەن کۆچبەرانەوە بڕەخسێت.

## دیموکراسیی گوندنشینەکان

پادشای بریتانیا بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەی دەیویست موستەعمەرەی نوێ بدۆزێتەوەو کۆچبەری بۆ بنێرێت. کۆمپانیاکانیش دەیانەوێت لە ڕێگەی فراوانبوونی ناوچەی بازرگانیەوە قازانجی زیاتر بکەن. هەرچەندە خواستەکان جیاواز بوون، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستە جیاوازانە، ئامانجێکی هاوبەش هەبوو ئەویش کۆچکردنی خەڵک بۆ ئەو سەرزەویە تازانە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو خاڵە کەوا باوەڕی لیبرالیزم لە وڵاتەکەدا لە گەشەکردندا بوو، هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە کۆچبەران لە ئاگاییەوە بێت یان نیمچە ئاگایی حەزیان لە ئازادی زیاتر هەبوو، بۆیە حکومەتی بریتانیا بەڵێنی بە کۆچبەراندا ئازادی زیاتریان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پێبدات. هەر ئەوەش وای کرد بۆچونی دژ بە پاوانخوازی دەسەڵات و خواست لەسەر ئازادی لە ناو موستەعمەرەکاندا پەرە بسێنێت.

حکومەتە لۆکاڵیەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنە لۆکاڵیەکانەوە لە هەموو موستەعمەرەکاندا گەشەیان سەند و بنەماکانی دیموکراسیی تێیاندا سەری هەڵدا. ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت ئەو خاڵە گرنگەیە کەوا ئەو دیموکراسیەتەی کە سەری هەڵدا بوو، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ ژیانی خەڵکی لە ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەوەشە پاش سەربەخۆیی ژیانی سیاسی زیاتر پتەوتر بوو. ئەو ستایلەی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەی کە لەو کۆمەڵگایانەدا سەری هەڵدا، بوو بە بناغەیەک بۆ ستایلی ژیان لە دوای سەربەخۆیی. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو دیموکراسیەتەی کە لە ئەمریکادا هەیە جاوازە لە دیموکراسیەتی کۆمەڵگاکانی دیکەی ڕۆژئاوا.

بە پێچەوانەی فەرەنساو بریتانیا کە دیموکراسیەت لە پاش بگرەوبەردەیەکی زۆر لە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانەدا کەوتەسەرپێ، لە ئەمریکادا دیموکراسیەت لە ناوچە پەراوێز کەوتوەکاندا سەری هەڵدا و لە بچوکترین بەشە ئیداریی و

جوگرافیەکاندا (گوندەکان) دەرکەوت. هەر لەبەر ئەوەیە بەم دیموکراسیە بۆ وێنەیەی ئەمریکا دەوترێت «دیموکراسیی گوندنشینەکان».

واتە رەگ و ریشەی دیموکراسیەتی ئەمریکایی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتە لۆکاڵیەکان و دواتر ئەو نمونە دیموکراسیە لۆکاڵیانە بون بە بەردی بناغە بۆ دیموکراسیەت لە سەر ئاستی نیشتمانی. ئەزمونی موستەعمەرەکان لە بەڕێوەبردن و شێوەی یاسادانان بوون بە پێوەر بۆ دروست بوونی دەسەڵاتی یاسادانان لە سەر ئاستی نەتەوەیی. ئەو شێوازی دیموکراسیەت و ئەو مافانەی کە لە موستەعمەرەکاندا هەبوون، بوون بە بناغەیەک کە دواتر لە ساڵی ١٧٨٧ سیستمی فیدرالیزمی لێکەوتەوە.

## ریفۆرمخوازانی ئاینی دژی چەوسانەوەی دوو قاچ

لە پاڵ ئەو کەسانەی کە لە پێناوی دەوڵەمەند بوون و دەسکەوتنی زەویوزار بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردبوو، دەستەیەکی دیکەش هاتبوون کە دواتر و رێک پاش سەدەیەک رۆڵێکی چارەنوس سازیان لە دانانی دەستوری بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا گێڕا. پاش ئەو ریفۆرمە ئاینیەی کە «لۆتر» و «کالوین» وەک دوو رێبەری ئاینی رۆڵی سەرەکیان تێدا هەبوو، ململانێی مەزهەبی لە ئۆروپا پەرەی سەند.

لە نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکاندا چەندین جار شەڕ هەڵگیرسا، دیارترینی ئەو شەڕانەش شەڕی ٣٠ ساڵەی سەرەتای ساڵی ١٦٠٠ بوو. ئاگری ئەو شەڕانە لە بریتانیا زیاتر بەتین تر بوو. ئەو توندڕەوە ئاینیانەی کە پێیان دەوترا «پیروتین»ەکان دەستیان دایە رەخنەگرتن لە پەیوەندی نێوان کەنیسەی و پادشا. لە نێوان ریفۆرمخوازە ئاینیەکاندا ئەو باوەڕە پەرەی سەندبوو کەوا کەنیسەی بریتانیا پشتی لە مەسەلە ئەخلاقیەکان و پەروەردە کردنی کۆمەڵگا کردووە زیاد لە پێویست پشتیوانی لە دەرباری شا دەکات و ئەوەی بە لایەوە گرنگە خۆشگوزەرانی و رابواردنی ئەم جیهانەیەو هیچ گوێ بە لایەنی ئەخلاقی و ئاسمانی ئەو دونیا نادات.

کەنیسە هاوپەیمانیەکی نەخوازراوی لە گەڵ دەسەڵاتدا بەست و ئەو چەوسانەوانەی دەسەڵاتی بە خەڵاتێکی ئاسمانی لە قەڵەم دەدا. لە پاداشتی پشتیوانی کردن لە دەسەڵات، کەنیسە سەروەت و سامانێکی زۆری پێبەخشرا و لە جیاتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات، سەرقاڵی کەڵەکە کردنی سامان بوو. «پیروتین»ەکان ئەو تیوریەیان خستە روو کە ئەو چەوسانەوەی کە دەسەڵات دەیکات لە ئەنجامی هاوپەیمانی نێوان کەنیسەو پادشایە. ئەوان پێیان وابوو چەوسانەوە «دوو قاچ»ی هەیە، قاچێکیان دەسەڵاتەو قاچەکەی دیکەش کەنیسەیە.

قەیرانی راستەوخۆی نێوان ریفۆرمخوازە ئاینیەکان و ئەو دوو ناوەندەی دەسەڵات بووە هۆی ئەوەی دەسەڵات و کەنیسە هەست بە مەترسیی بکەن. بۆیە دژایەتی کردنی ئەو رەوتە تازەیە کەوتە بەرنامەی کەنیسەو دەسەڵات و ئەزیەت و ئەشکەنجەی ریفۆرمخوازەکان تەشەنەی سەند. بۆ دەرباز بوون لەو هەلومەرجە، زۆربەی « پیروتین»ەکان بەرەو هۆڵەندا هەڵهاتن کە ئەو سەردەمە تاقە شوێنی لێبوردەیی ئاینی بوو لە هەموو کیشوەری ئۆروپادا.

« پیروتین»ەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە هەلی ژیان لە ئەمریکا زیاتر لەبارترە و دەتوانن لەو وڵاتەدا بە ئارەزووی خۆیان و دور لە چەوسانەوە، بانگەشە بۆ بۆچونەکانی خۆیان بکەن. لە ساڵی ١٦٢٠ یەکەمین دەستەی «پیروتین»ەکان بە کەشتی «میفلاوەر» بەرەو «ڤیرجینیا» بەرێکەوتن. بەڵام پێچەوانەی ئەو نەخشەی کە دایان نابوو بە هۆی زریانەوە کەشتیەکە لە ئاراستەی خۆی دەرچوو، لە جیاتی «ڤیرجینیا» لە کەنارەکانی «نیو ئینگلند» لەنگەری گرت و لە شوێنێک نیشتەجێ بوون کە دواتر ناویانا «پلیموت».

بەدرێژایی چەندین ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە « پیروتین»ەکان گەیشتنە «نیوئینگلند» و لە ژێر سێبەری رێبەرێک بە ناوی «جان ڤینتروپ» شێوازێکی نوێی ژیانیان لە موستەعمەرەکانی باکوری ئەمریکا دروستکرد. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمان وەک کۆچبەرەکانی ڤیرجینیا خاوەنی «فەرمانی شاهانە» نەبوون، بۆیە لە نێوان « پیروتین»ەکان و ئەو خەڵکەی کە لە گەڵیاندا هاتبوون پەیمانێکی نوسراو مۆرکرا و لەسەر ئەو بناغەیەش شێوازی ژیان و حکومڕانی دیاری کرا. ئەو شێوازەی حکومەت کە لەم پەیمانامەیەدا لەسەری رێکەوتبوون، پێچەوانەی شێوەی حومکڕانی و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان بوو لە وڵاتی دایک (بریتانیا).

کۆچبەران ئەزمونێکی نوێی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان و حکومڕانیان پیادە کرد. ئەمانە ئەو شتانەی کە پێیان وابوو لەبەرژەوەندی خەڵکدایە کردە بەرنامەی کاری حکومەتەکەیان. دەستەبژێرەکان لەبەر ئەوەی خواست و ئارەزووەکانیان جیاواز نەبوو لە گەڵ خەڵکی سادەو عەوامدا، بۆیە شێوەی حکومڕانیەکەشیان زۆر پێچەوانەی ئەو شێوازە بوو کە لە بریتانیا پەیڕەو دەکرا.

## بەشی دووەم

### کۆماری ئەشرافەکان

لە پاڵ ئەو کۆمپانیانەی کە بە پێی ئەو رێکەوتنەی لە گەڵ پادشادا هەیانبوو بۆ بردنی کۆچبەران بۆ سەرزەویە تازەکان و هەروەها لە پاڵ « پیروتین»ەکان کە لەبەر زوڵم وزۆری دەسەڵات هاتبوون بۆ ئەمریکا، ئەشراف و خەڵکانی دەرباری

پادشای بریتانیاش بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیمتیازانەی کە پێیان دەدرا بۆ سود وەرگرتن لەو زەویە بەرفراوانانەی کە وەک خەڵاتی شاهانە لە بری خزمەتگوزاریەکانیان وریان دەگرت، ئەوانیش دەستیان کرد بە کۆچکردن بەرەو ئەمریکا.

«لۆرد بڵتیمۆر» کە یەکێک بوو لە دەربارییە بە وەفاکانی شای بریتانیا، بەشێکی بەرفراوانی لە زەویەکانی دەوربەری ڤیرجینیای پێ بەخشرا و ئەویش بۆ رازی کردنی دڵی پادشا ناوی لێنا «مریلەند». «ویلیام پن» کە لە فرقەی «کواکر»ەکان بوو، ئەویش سەرزەویەکی پان و بەرینی بەدەست هێنا و ناوی «پنسیلڤینیا»ی لەسەر دانا. بە پێی یاسا خاوەن موڵک مافی ئەوەی هەبوو بێ راوێژ کردن لە گەڵ شا یان دەسەڵاتدرانی بریتانیا، جۆری پێکهاتەی حکومەت و ئەو یاساو رێسایانەی کە دەیەوێت لە پەیوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێت، دادەنێت.

لەبەر ئەوەی سێ جۆر کۆچبەر هاتبونە سەرزەویە تازەکەوە، هەروەها بە هۆی ئەوەی لە چەندین دەیەدا رۆژهەڵاتی هەرێمەکە ببوە موستەعمەرە، دەبینیت ئەو مۆستەعمەرانە هەم لە رووی ئیداری و حوکمڕانی و هەمیش لە رووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە هەمەڕەنگ وفرەجۆر بوون. هەموو ئەو کەسانەی هاتبونە ئەو موستەعمەرانەوە، داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە ئەوەیە نوخبەکانی ئەم موستەعمەرانە بە شێوەیەکی پتەو کاریگەریان هەبوو لە سەر گۆڕانکاریە فکری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و شێوازی دەسەڵات و تێڕوانین بۆ پێگەی شا لە کۆمەڵگادا.

ئەو جۆرە کەسانەی کە کۆچیان کردبوو بۆ سەرزەویە تازەکان، لە چاو هاونیشتمانە ئاساییەکانی دیکەیاندا، وردەوردە ئامادەیی زیاتریان تێدا چەکەرەی کرد کە نوێخوازی و بەهاو نەریتی تازە وەرگرن. پەیوەندی لە نێوان موستەعمەرەکان و سەرزەمینی دایک واتە بریتانیا گەلێک زیاتر بوو لە پەیوەندی نێوان خودی موستەعمەرەکاندا. هۆکارەکەی لە لایەک ئەوە بوو کە خەڵکەکە هێشتا جۆرێک لە پابەندبونیان بە وڵاتەکەیانەوە مابوو، لە لایەکی دیکەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی بریتانیا بە شێوازی توندو تیژ دەستی لە کاروباری موستەعمەرەکان وەرنەدەدا و زیاتر گرنگی بە لایەنی بازرگانی و ئابوری ئەو موستەعمەرانە دەدا.

خاوەن پشکەکانی کۆمپانیا بازرگانیەکان، بە پشت بەستن بە هێزی سەربازی بریتانیا و دەست ڕۆیشتویی بەسەر فەرەنساو هۆڵەندا و ئەو هێزی دەریاییەی کە لە رۆژهەڵاتی ئەمریکادا هەیبوو، زیاتر سەرمایەگوزاریان دەکرت و بەهای پشکەکانیان ئەوەندەی دیکە بەرز دەبویەوە. لەبەر هاندانی دەسەڵاتی شای بریتانیا و بەرژەوەندی کۆمپانیا بازرگانیەکان، کۆچکردنی خەڵکی ئۆروپا بۆ ئەمریکا تادەهات زیاتر رەونەقی پەیدا دەکرد. پێویستی زیاتر بە هێزی مرۆیی بوو بۆ ئەوەی موستەعمەرەی زیاتر دروست بکرێت و قازانجی زیاتر بەدەست بهێنرێت، وای کرد دەست تێوەردانی نا مەسئولانە لە کاروباری

موستەعمەرەتەکان و چۆنێتی بەڕێوەچونی کۆمەڵگا لە لایەن خەڵکە ڕەسەنەکەوە بە پراکتیکی بوونی نەبێت.

### ئەزموونی حوکمڕانی لە سەر ئاستی لۆکاڵی سەری هەڵدا

بەرژەوەنـدی دارایـی و ئـابوری ئەوەی فەرز دەکـرد کەوا موسـتەعمەراتەکان شـێوەیەک لە بەرەڵاییـان پێوەدیـار بێـت و لەو سەرزەویە تـازانەدا ئەزمونێکی نوێی سیاسیی سەرهەڵبدات. ئەوە جیاکەرەوەیەکی کومەڵگای موستەعمەراتەکان بـوو لە وڵاتـی دایـک. لە موسـتەعمەراتەکاندا جـا لە لایەن خەڵکـی عەوامەوە بێـت یـان لە لایەن نـوخبەی کۆمەڵگـا، کۆمەڵێـک بەهـاو چوارچێوەی تێڕوانینی نوێ کە زۆر دوربوون لەوەی هاوڵاتیانی وڵاتی دایک، سەریان هەڵدا.

کۆمەڵێک هۆکاری دیکە، لەوانە حەز بە پێشکەوتن و بەرفراوانی وڵاتەکە و نەبوونی نمونەیەکی پێشتری موحافیزکـار و لە هەمووی گرنگتـر نەبـوونی کەسـانێکی ڕەسـەنی سـەقامگیر کە ڕێگـر بـن لە بەردەمـدا، ببـونە هـۆی ئەوەی لە ئەمریکـا هەڵـی سەرهەڵدانی ئەندێشەی نوێ و داهێنانی نوێ لە هەموو بوارەکانـدا برەخسـێت. هەر لەبەر ئەوەش بـوو ئەزمـوونی حـوکمڕانی لە سـەر ئـاسـتی لۆکـاڵی سـەری هەڵـدا. بە لەبەر چـاوگرتنی پێـوەر و بەهـاو تواناکـانی موسـتەعمەرەکان، کـۆچبەران بـۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەستیان دایە دامەزراندنی حکومەتێکی لۆکاڵی.

### توانیان بەرەو ئاراستەیەکی زۆر پیچەوانە بڕۆن

مەبەستی کۆچکردن ئەوە نەبوو هەمان ئەو دامەزراو و بەهایانەی کە لە بریتانیا هەبوون پیادە بکرێنەوە، بەڵکو کـۆچبەران دەیانویست بە لەبەرچـاو گرتنـی توانـاو بەربڵاوی ئیختیارەکـانی بەردەستیان، ئەزمونێکی نـوێی حکومڕانی و بەڕێـوەبردنی کۆمەڵگـا و لە هەمـووی گرنگتـر پەیوەنـدی نێـوان حـاکم و خەڵـک دروست بکەن. تۆمـاس هـابز کە پێـی وابـوو « بـۆ ئەوەی شـارێکی پـڕ لە ئـاسـایش و سـەقامگیریت هەبێت، پێویسـتە لە دەسـتێکدا شمشێر و لە دەستەکەی تـردا سـەولەجانی شـاهی هەبێـت» ، ئەو تێـڕوانینە هەڵقـوڵاوی واقعـی سیاسـی ئەو کـاتەی ئـۆروپـا بـوو، ئەو کـۆچبەرانەی هـاتبونە سـەرزەویە نوێیەکـانەوە، پێیـان وابـوو ژینـگەی فیزیکـی و واقعـی مـادی ئەم وڵاتە لە گەڵ تێزەکـانی تۆمـاس هـابزدا لە سـاڵی ١٦٥١ناگونجێ. بە هۆی توانای مناوەرەی خەڵکی ئەو موستەعمەرانەی کەوتبونە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتـی ئەمریکـا، لە بـوارە سیاسـیی و کۆمەڵایەتیەکانـدا توانیـان بەرەو ئاراسـتەیەکی زۆر پیچەوانە بـڕۆن و کۆمەڵێـک حکـومەتی لۆکـاڵی بە بەهـاو پێکهـاتەی جیـاواز دروست بـکەن. ئەوەش دەرئەنجـامی ئەو بۆچـوونە لیبـراڵانە بـوو کە لە بریتانیـاو فەرەنسـا سـەریان هەڵدابوو.

لە نیوئینگلند دیموکراسیی ڕاستەوخۆ سەری هەڵدا، کۆبونەوەی گشتی لە سەرەتای ساڵی ١٧٠٠ بوو بە بنەمای حوکمڕانی.



سەرچاوە
Serchawe

لەو سیستمەدا زۆرینە حوکم دەکات و هەموو ئامادەبوان لە پرۆسەکەدا توانای بەشداریکردنیان لە بڕیارداندا هەیە. بەڵام لە موستەعمەرەکانی رۆژهەڵاتی ئەمریکادا لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان، دیموکراسی ناڕاستەوخۆ واتە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی پەرەی سەند. واتە بە لەبەر چاوگرتنی واقعی فیزیکی و مادی و سەرچاوەیی و بەهاکانی دانیشتوانی موستەعمەرەکان، ئەزمونی جیاواز بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا سەری هەڵدا. بەڵام لە هەموو ئەو حکومەتانەدا بنەمایەک هەبوو کە دەبوایە هەمویان دژی گەندەڵی بن و دەسەڵاتەکانیشیان هەڵقوڵاوی خواستی دانیشتوانی ئەو شوێنە بێت.

هەرچەندە سەرچاوەی دەسەڵات گەل بوو، بەڵام نوخبەی ئەو سیازدە موستەعمەرەیە لەو باوەڕەدا بوون نابێت بە هیچ شێوەیەک رێگە بە هاتنە سەرکاری حکومەتێکی عوامگەرایانە بدرێت، چونکە ناسەقامگیری دەسەڵات دەبێتە هۆی بەرفراوانبونی گەندەڵی. هەر بۆیە لە تەواوی قۆناغەکانی حکومەتە لۆکاڵیەکاندا و لە پێش سەربەخۆیی، هیچ کاتێک حکومەتی عەوامگەرا لە موستەعمەراتەکان سەری هەڵنەدا. نوخبەکان لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەدا، مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان گرێدا بە مەرجی هەبوونی موڵک، مەبەستیش لە موڵک هەبوونی زەوی بوو.

لە هەندێک ولایەتی وەک ڤیرجینیا کۆمپانیا بازرگانیەکان یان بە واتایەکی تر سەرمایەداران حکومەتی لۆکاڵیان دیاری دەکرد. لە هەندێک موستەعمەرەدا کە لە سەر بنەمای پەیماننامە دروست ببوو وەک کنتاکی بۆچونی ئاینی زیاتر باڵادەست بوو، پێکهاتەی حکومەتیش کەوتبوە ژێر کاریگەریەوە.

لە هەندێک موستەعمەری وەک نیویۆرک کە لەسەر بنەمای ئیمتیازی دەسەڵاتی پادشا واتە قۆرخی کەسێک بوو، شێوەی حوکمڕانی جۆرێک بوو لە لاسایی کردنەوەی سیستمی پەرلەمانی بریتانی و دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو بەشی ئەنجومەنی نوێنەران و سینات پێک هاتبوو. خەڵکی خاوەن زەوی نوێنەرەکانیان هەڵدەبژارد و پادشاش دیاری کردنی ئەندامانی سیناتی لە ئەستۆدا بوو. لە روانگەی بریتانیاوە ئەو دەسەڵاتەی درابوو بە دەسەڵاتی یاسادانانی موستەعمەراتەکان، شا پێی بەخشیبوون و ئەوەش هاوتەریبی نەبوونی حوکمڕانی بوو، چونکە ئەوان موستەعمەرەکانیان بە پاشکۆی خۆیان دەزانی و حوکمڕانی رەها بە دەستی وڵاتی دایکەوە بوو.

## موستەعمەراتەکان دژی چەوسانەوەن

هەوڵەکانی فەرەنسا بۆ شکستپێهێنانی بریتانیا لە سەرزەویە نوێیەکان بونە هۆی ئەوەی موستەعمەرەکانی کەناری رۆژهەڵات یەکبگرن بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشکردنە سەریان بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. هەوڵەکانی دروستکردنی فیدراسیۆن نەگەیشتە ئەنجام. موستەعمەرەکان پێیان وابوو کە ئەگەری هێرشکردنە سەریان لاوازە و لە هەمان کاتیشدا زۆر بە توندی



سەرچاوە
Serchawe

دەیانویست ناسنامەو سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. بەڵام ئەو دۆخە گۆڕانی بەسەرداهات و وردەوردە بۆچونی دروستکردنی یەکێتی سەریهەڵدا.

شەڕی فەرنسا - سورپێستەکان لە ساڵی ١٧٦٣ کە نۆ ساڵی خایاند بە کردەوە کۆتایی هێنا بە ڕۆڵ و دەسەڵاتی فەرەنسا لەو کیشوەرەدا. بەڵام بریتانیا بەهۆی ئەو جەنگەوە توشی قەرزاریەکی زۆر هات. بریتانیا بۆ بژاردنی قەرزەکانی بڕیاریدا راستەوخۆ خۆی باج لە خەڵکی موستەعمەرەکانی رۆژهەڵاتی ئەمریکا وەرگرێت. تا ئەو کاتە بریتانیا تەنها لە پێناوی پەرەپێدانی بازرگانی و دەست راگەیشتنی بە بازاڕ هەستابوو بە کردنەوەی موستەعمەرەکان لە باکوری ئەمریکا. بەڵام دوابەدوای نەمانی فەرەنسا لە ناوچەکەو دوای شکست هێنان لە شەڕەکەدا، بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە لە ساڵی ١٦٠٧ ەوە پەیڕەو دەکرا، بریتانیا داوای دەکرد زیاتر دەست لە کاروباری ناوخۆی موستەعمەرەکان وەردات.

هەموو ئەو هەنگاوانە (واتە پێویستی بە داهات بۆ خەرجیەکان و بژاردنی قەرزەکانی جەنگ)، بونە هۆی ئەوەی بریتانیا سیاسەتی وەرگرتنی باج بە شێوەی راستەوخۆ لە موستەعمەرەکاندا پراکتیزە بکات. پادشاو پەرلەمانی بریتانیا رایانگەیاند وەرگرتنی باج بەشێکە لە تواناو دەسەڵاتی بریتانیا. خەڵکی موستەعمەرەکان لەبەر ئەوەی هاوڵاتی بریتانیان و هەموو مافەکانی کەسێکی بریتانیایان هەیە، بۆیە دەبێت ئەرکەکانی خۆیان کە پێدانی باجە بە دەسەڵات، جێبەجێ بکەن.

ئەگەر موستەعمەرەکان دەیانەوێت لە هەڕەشەی دەرەکی بەدوربن، وەک چۆن فەرەنسا بە دەستی بریتانیا شکستی هێنا، ئاشکرایە کە دەبێت خەرجی ئەو پاراستنە لە ئەستۆ بگرن و ئەو کارەش لە رێگەی پێدانی باجەوە سەردەگرێت. بریتانیا بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٧٦٤ یاسای شەکر و لە ساڵی ١٧٦٥ یاسای پوولی دەرکرد. بۆ بەرگری کردن لە موستەعمەرەکان و دابینکردنی خەرجی مانەوەی سەربازەکانی ئینگلیز لەو موستەعمەرانەدا، دەبوایە دانیشتوان ملکەچی باج پێدان بونایە. بۆیە بڕیاردرا هەموو کاغەز و نامەو نوسراوێک پوولی باجی لێبدرێت. بە شێوەیەکی پراکتیکی هەموو بوارەکانی ژیان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو یاسایەوە.

یاسای شەکر بڕیاریدا کە باج لە سەر شەکری خاو دابنرێت. ئەو یاسایە بووە هۆی زۆربوونی خەرجیەکانی ژیان لە موستەعمەرەکاندا و لە لایەکی تریشەوە خەرجیەکانی بازرگانیشی زۆر بە توندی زیادکرد. ساڵی ١٧٦٧ پەرلەمان بڕیاریدا باج لەسەر شوشەو چا و کاغەز دابنرێت وئەو یاسایەش پێی دەوترا یاسای «تاون شند». ئەو باجانە بۆ ئەوە دانران تاوەکو موچەی فەرمانڕەوا و کارمەندەکانی دیکەی پێبدرێت. تا ئەو کاتە ئەنجومەنە لۆکاڵیەکان کۆنترۆڵی دیاریکردنی موچەی ئەو فەرمانڕەوانە کە لە لایەن بریتانیاوە دانرابوون لە ئەستۆدا بوو. دەست تێوەردانی بریتانیا لە کاروباری حکومەتی موستەعمەرەکان و هەنگاونان بۆ وەرگرتنی باج لە خەڵکەکە، هەموو هاوکێشەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کرد.

بۆ سەدەیەک بریتانیا هیچ دەستێوەردانێکی لە کاروباری موستەعمەرەکاندا نەکردبوو. وەک کۆمەڵە بازنەیەک لە کۆی گشتی ژیانی بازرگانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا دەیڕوانیە موستەعمەرەکان. ئامانجی بریتانیا لە دروستکردنی موستەعمەرەکان بریتی بوو لە بەهێزبوونی پێگەی بازرگانی خۆی و کۆکردنەوەی سامان. هەر بۆیە کارئاسانی زۆری دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک کۆچ بکەن بۆ ئەو سەرزەویە تازانە. یەکێک لەوکار ئاسانیانە دەستێوەرنەدان بوو لە کاروباری ناوخۆی موستەعمەرەکان. هەرچەندە زۆربەی فەرماندارەکان نوێنەرایەتی پادشای بریتانیایان دەکرد، بەڵام ئەوان هەموکارێکیان دەکرد بۆ رازی کردنی دڵی خەڵکەکەو دەسەڵاتی یاسادانان کە لە لایەن دانیشتوانی موستەعمەرەکانەوە هەڵبژێرابوون.

بریتانیا وەک سەرچاوەیەکی داهات تەماشای دانیشتوانی موستەعمەراتەکانی نەدەکرد. بەڵام پاش نەمانی ململانێی ئیستعماریانە لە باکوری کیشوەرەکەدا کە لە ئەنجامی شکستی فەرەنساو هۆڵەنداوە هاتبوە ئاراوە، شاو پەرلەمانی بریتانیا سیاسەتەکەیان گۆڕی. ئەو کارەش بوە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی نوخبەکان بۆ ناوەڕۆکی دەسەڵات. ئەوان لە کاتی نوسینەوەی دەستوردا لە ساڵی ١٧٨٩ تێگەیشتن، نەبوونی دەسەڵاتێکی چاودێر، دەبێتە هۆی زیادەڕۆیی و چەوسانەوە.

## بەشی سێیەم

### بە بێ بونی نوێنەر باج وەرگرتن بوونی نییە

دانیشتوانی موستەعمەرەکان شانبەشانی نوخبەکانی وڵات راپەڕین و بڕیاریان دا بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا باج نەدەن بە بریتانیا. خەڵکەکە پێیان وابوو لەبەر ئەوەی هاوڵاتی بریتانیان و ئێستا مافی هاوڵاتی ئەم سەرزەویە تازانەیان هەیە، بۆیە دەبێت بە راوێژ لە گەڵ ئەماندا سیاسەتگوزاری بکرێت. دانیشتوانی موستەعمەراتەکان رایانگەیاند ئەوان هاوڵاتی بریتانیان و بە ئارەوزوی خۆیان هاتونەتە ئەو وڵاتە نوێیە کە بەشێکە لە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا.

دەبێت لە رووی چۆنایەتیەوە جیاوازیەک بکرێت لە نێوان ئەو کەسانەی لە موستەعمەراتەکانی باکوری ئەمریکا دەژیان و ئەوانەی لە شوێنی دیکەی ئەو وڵاتە دەژیان. خەڵکی موستەعمەرەکانی دیکە هاوڵاتی بریتانیا نەبوون، بەڵکو دانیشتوانی رەسەنی ئەو زەویانە بوون کە لەژێر داگیرکاری بریتانیادا بوو، ئەوان کە وڵاتەکیان لە ژێردەستیدا بوو دەبوایە خۆشیان لە دیلێتیدا بژین. بەڵام دانیشتوانی موستەعمەراتەکانی باکور لە شوێنێکدا نیشتەجێ بوون کە زەویەکەی بووەتە بەشێک لە موڵکی پادشای بریتانیا.

ئەوان وەک هاوڵاتی بریتانیا هاتونەتە ئەو شوێنانە و لەگەڵ خۆیاندا هەموو مافێکی خۆیان هێناوە. لە چوارچێوەی ئەو

لۆژیکەدا بوو لە ساڵی ١٧٦٤ دروشمی «بێ بوونی نوێنەر باج نادەین» هاتە ئاراوە. خەڵکی موستەعمەراتەکان دەیانوت ئەوان هیچ نوێنەرێکیان لە پەرلەماندا نییە بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان بکات، کەواتە ئەوان ملکەچی هیچ یاساو بڕیارێک نابن کە لە لایەن پەرلەمانی بریتانیاوە دەربچێت. پەرلەمانێک مافی بوونی نوێنەرمان پێ نادات کەواتە بە چ حەقێک داوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان لێدەکات.

پەرلەمان رایگەیاند ئەو لۆژیکەی دانیشتوانی موستەعمەراتەکان قسەی پێ دەکەن قابیلی قەبوڵ نییە. پەرلەمان لە خەمی هەموو هاوڵاتیەکی بریتانیایە لە هەر شوێنێک بێت، جا نوێنەریان هەبێت یاخود نەبێت. لە خودی بریتانیاش ناوچەی وا هەیە لە پەرلەماندا نوێنەریان نییە، بەڵام دەبێت ملکەچی یاساکان بن، چونکە پەرلەمان خۆی بە نوێنەری هەموو هاوڵاتیانی بریتانیا دەزانێت.

لەبەر ئەو لۆژیکە بوو پەرلەمان رایگەیاند، راستە دانیشتوانی موستەعمەراتەکان بە شێوەیەکی رەسمی نوێنەریان لە پەرلەماندا نییە، بەڵام ئەوان «نوێنەری مەجازیان» هەیە. واتە ئەو نوێنەرانەی کە نوێنەرایەتی ناوچەکانی دیکە دەکەن، لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی ئەو ناوچانەش دەکەن کە نوێنەریان لە پەرلەماندا نییە.

## فەزیلەتی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان

ئەو کۆچبەرانەی کە لە ساڵی ١٦٠٧ بەدواوە هاتبوون بۆ ئەمریکا لە ناوچەی جیاواز و دەستەو تاقمی جیاواز پێک هاتبوون و هۆکاری هاتنەکانیشیان زۆر لە یەکتر جیاواز بوون. هەندێکیان بۆ بەدەست هێنانی سەروەت و سامان هاتبوون، هەندێکی دیکەیان وەک خزمەتکار لە لایەن خێزانە دەوڵەمەندەکانەوە هێنرابوون، قەراریان وا بوو دوای چوار بۆ حەوت ساڵ خزمەتکردن پارچە زەوییەکیان پێبدەن. ئەوانە کرێکاری پەیمانبەستن بوون. هەندێکی تر هۆکاری هاتنەکەیان دەگەڕایەوە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی زیاتر. خەڵکانێکیش پێیان وابوو ئەم وڵاتە گونجاوترە لە بریتانیا بۆ ژیان. هەندێ کۆچبەریش هەبوون لە بەر ئەوەی لە بریتانیا تاوانیان کردبوو، حکومەت بۆ تەواوکردنی ماوەی زیندانیەکەیان دەیناردن بۆ ئەم زەویە تازەیە. هەندێک لەو کۆچبەرانەی زۆرترین کاریگەریان بە سەر شێوازی ژیان و دامەزاوەکانی ئەم سەرزەوییە تازەیەوە هەبوو.

پیوریتینەکان یەکێک بوون لەو گروپە کەمانەی کە بە هۆی بیروباوەڕەوە کۆچیان کردبوو. ئەمان بەدوای سەروەت و سامان و نیعمەتەکانی زەویدا نەدەگەڕان، بەڵکو دەیانویست « لەسەر گردێک شارێک « وەک سیمبولێک بۆ بەهەشت دروست بکەن. ئەوان دەیانویست بۆ رزگاربوون لە زریان «فانۆسێکی دەریایی» دروست بکەن بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە کێژەڵۆکەی ژیان

رزگار بکەن. بەڵام هەموو گروپە کۆچبەرەکان سەرەڕای جیاوازیان لە ناوەڕۆک و ئامانجدا، لە یەک شتدا یەکسان بوون.

هەمویان خۆیان بە هاوڵاتی بریتانیا و خاوەن حەق دەزانی. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە مافی خۆیانە رۆڵیان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسیی خۆیاندا. ئەوە ئەو تایبەتمەندیەبوو کە هەر لەسەرەتای نیشتەجێ بونیان لە ئەمریکا ئەوانی لە کۆمەڵگاکانی دیکە جیادەکردەوە. هەربۆیە بە شێوەیەکی سروشتی و راستەوخۆ دژی وەرگرتنی باج راپەڕین دەستی پێکرد.

تا ئەو کاتەی یاسای وەرگرتنی باج دەرچوو، خەڵکی موستەعمەرەکان هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکانی خۆیان بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا دەزانی وشانازیشیان پێوەدەکرد، بەڵام دواتر بە هۆی ستەمکاری و پاوانخوازی بریتانیاوە، بزوتنەوەی رزگاریخوازی و ئازادی و مافخوازی و سەربەخۆیی سەریهەڵدا.

دژایەتی کردنی یاسای باج وەرگرتن لە هەر سێزدە وڵایەتەکە پەرەی سەند و سەرئەنجام لە مارسی ١٧٧٠ لە ماساچویست کارەساتی «کۆمەڵکوژی بوستن»ی لێکەوتەوە. دوای ئەو کۆمەڵکوژیە «کۆمیتەی موکاتەبات» لە موستەعمەرەکاندا دروست بوو. ئەوەش یەکەمین میکانزیمی پەیوەندی لە نیوان موستەعمەرەکانی لێکەوتەوە و لە رێگەیەوە بیروباوەڕی سەربەخۆیی سەری هەڵدا. رێپێوان و نارەزایی بەردەوام بوون و لە دیسەمبەری ١٧٧٣ لە «جەژنی چای بۆستن»دا خەڵکی شارەکە چایەکەیان رژاندە ناو بەندەرەکەوە بۆ ئەوەی نارەزایی خۆیان لەهەمبەر یاسای «تاونشند» نیشان بدەن.

## لە دایک بوونی فیدرالیزم

هەڵوێستی دانیشتوانی موستەعمەرەکان و کاردانەوەی پەرلەمان و دەسەڵات، کێشەکەی گەورەتر کرد و تەنها لە ئاستی وەرگرتنی باجدا نەهێشت. سوربوونی دەسەڵات لە سەر سەقامگیری و پێداگرتنی دانیشتوانی موستەعمەرەکان لەسەر ئازادی، مەسەلەی سەربەخۆییان کردە شتێکی حەتمی. لە ساڵی ١٧٧٤ نوێنەری هەموو موستەعمەرەکان جگە لە جۆرجیا یەکەمین کۆنگرەی خۆیان لە فیلادیفیا بەست. ئەو ٥٦ نوێنەرەی لەوێ کۆببونەوە «جاڕی مافی ئەمریکیەکان»یان بڵاوکردەوەو رایانگەیاند تەنها دەسەڵاتە یاسادانانەکانی موستەعمەرەکان مافی ئازادی و باجدانان و مافەکانی خەڵکی موستەعمەرەکانیان لە ئەستۆدایە.

نوێنەرانی کۆنگرە رایان گەیاند ئەگەر بریتانیا ئەو مافانە بسەلمێنێت، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی دایکدا دەمێنێتەوە، بەڵام گەر نەیسەلمێنێت، جگە لە سەربەخۆیی هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە. گوێنەدانی بریتانیا بەو خواستانە وای کرد دانیشتوانی موستەعمەرەکان دەست بەرداری «مافەکانی خۆیان وەک هاوڵاتی بریتانی» ببن و داوای سەربەخۆیی بکەن.

لە چواری مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٧٧٦ سەربەخۆیی راگەیەندراو وڵاتێکی نوێ لە دایک بوو. کۆمەڵگایەک دەرکەوت کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی ستایلێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی پیشانی دونیا بدات. ئەو کۆچبەرانەی کە پێک هاتبوون لە خەڵکانی سەرکێش و پارەپەرەست و ریفۆرمخوازی ئاینی و لاکەوتەی کۆمەڵایەتی، توانیان لە ئاراستەیەکی جیاواز و لە چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەشدا کارێک بکەن کە کەم کەس باوەڕی بە سەرکەوتنیان هەبوو.

ئەو دەمەی ئەمریکا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، چوار ولایەت «نیوهەمشایر (کانونی یەکەمی ساڵی ١٧٧٦)، کارولینای باشور مارسی ١٧٧٦، ڤیرجینیا حوزەیرانی ١٧٧٦و نیوجرسی تەموزی ١٧٧٦ خاوەنی دەستوری خۆیان بوون. ولایەتەکانی رودئایلند و کنتاکی کە یەک لە دوای یەک لە ساڵەکانی ١٦٦٢ و ١٦٦٣ بە پێی فەرمانی پادشا دروست ببون، دوای سەربەخۆیی ئەو بەشانەی فەرمانەکەیان لادا کە تایبەت بوون بە دەسەڵاتی شای بریتانیا و فەرمانەکیان کرد بە دەستوری خۆیان. ساڵی ١٨١٨ کنتاکی و دواتر رودئایلند لەساڵی ١٨٤٢ دەستوری نوێیان بۆخۆیان دانا. بە گشتی تاوەکو ساڵی ١٧٨٠ هەموو ولایەتەکانی ئەمریکا بوون بە خاوەنی دەستوری تایبەت بە خۆیان.

دوای سەربەخۆیی و دروست بوونی ١٣ ولایەت، هەمویان لەسەر ئەوە رێکەوتن لە چوار چێوەی یەک حکومەتدا خۆیان رێکخەن. لە ١٢ - ٧ - ١٧٧٧ لە کۆنکرەی گشتی، بەندەکانی کۆنفدراسیۆنی پەسەند کرد و لە مارسیی ساڵی ١٧٨١ دوای هەموو ولایەتەکان پەسەندیان کرد ، دەسەڵاتەکانی (قەزایی و یاسادانان و جێبەجێکردن) یەکخران.

بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن دروست نەکرا، چونکە بە پێی ئەو ئەزمونەی کە لە بریتانیا وەریان گرتبوو، گەیشتبونە ئەو باوەڕەی باشترین جۆری دەوڵەت ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نەبێت. بۆچونی ولایەتەکان لەو بارەوە یەک نەبوو. مەسەلەی باج و لەشکریش بە هەڵپەسراوی مایەوە. بەم جۆرە ئەمریکا ئەو سومبلانەی نەبوو کە حکومەتی مۆدێرنی لێ پێک دێت.

ولایەتەکان سەربەخۆیی تەواویان هەبوو، لە راستیدا ئەو یەکێتیەی کە هەبوو یەکێتیەکی روکەش بوولە نێوان ١٣ ولایەت کە هەریەکەیان لە چوارچێوەی دەستور و خواست ویستی خۆیاندا بڕیاریان دەدا. هەندێک جاریش لەبەر ئەوەی پەیڕەوی کۆنگرەی گشتی وای دانابو هەرکۆبونەوەیەک دەبێت لە ٧ ولایەت کەمتر نەبێت، زۆر جار بە هۆی نەبوونی رێژەی پێویست نەدەتوانرا حکومەتێک پێک بهێنرێت. تەنیا شتێک کە دەیانکرد دەنگدان بوولە سەر هەندێک رێکەوتنامەو بڕیار، ئەویش هیچ ولایەتێک مولزەم نەبوو بە جێبەجێکردن یان پابەندبوون پێوەییان.

لە سەردەمێکدا کە مەسەلەی حکومەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و گرتبونەوەی دەسەلات لە سەنتەردا زۆر برەوی پەیدا

کردبوو، بە چاوی شکست و سەرنەکەوتنەوە تەماشای ئەزموونی فیدرالیزمی ئەمریکا دەکرا. نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسی خاوەن دەسەڵات و بەرپرسیاریێتی دیاریکراو، بوە هۆی شکستهێنان و ناکارامەی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا.

ناکارایی لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش بونە هۆی ناسەقامگیری مەدەنی لە کۆمەڵگادا. کێشە دارایی و بازرگانیەکان سەلماندیان کە ناکرێت یەکێتیەک کە لە ١٣ لایەنی سەربەخۆو پێک هاتبێت کاروبارەی ناوخۆیی ڕێک بخات. دراوێکی زۆری کاغەز هەبوو، بەڵام بێ نرخ بوو، قەرزی گشتی لە فراوانبووندا بوو، بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵی بازارێک نەبوو ، زۆرینەی خەڵک قەرزاربار بوون و توانای بژاردنیان نەبوو، هەموو ئەوانە هەلومەرجی هەڵگیرسانی شۆڕش و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسیان ڕەخساندبوو.

بەڵام زۆرینەی خەڵکەکە و نوخبەکانی ئەو ١٣ ولایەتە لەو باوەڕەدا بوون کە بەرژەوەندیەکانیان و ئەو ئازادیە فەردیانەی کە هەیانە تەنها لە چوارچێوەی ئەو کۆنفدراسیۆنەدا بەدی دێت. ئەو سەربەخۆییە تازەیەی کە دوای زیاتر لە دەساڵ خەبات بە دەستیان هێنابوو، ئەو ترسەی لا دروستکردبوون کە بیر لە گۆڕان لەو دۆخەی کە هەیانبوو بکەنەوە و شێوەیەکی دیکە لە حکومەت دروست بکەن تا مەترسی لە سەر ئازادیە فەردیەکانیان نەمێنێت.

## بەشی چوارەم

### نوخبەکان لە عەوام دەترسن

ساڵی ١٧٨٦ شۆڕشی «دانیل شی» لە ناکاو نوخبەکانی کۆمەڵگای خستە بەر مەترسیەوە. ئەوەی ئەو شۆڕشەی جیادەکردەوە ئەوەبوو جوتیارێک بە ناوی دانیل شی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکرد کە خەڵکی ڕۆژئاوای ماساچویست و پێشترش لە شەڕی سەربەخۆیدا وەک سەرباز خزمەتی کردبوو.

بە لە بەر چاوگرتنی ئەوەی لە دە کەسی دانیشتوانی وڵاتەکە هەشتیان جوتیار بوون، هەروەها هەناردەی گەنم و گەنمە شامی و توتن و برنج سەرەکیترین چالاکی خەڵکەکە بوو، ئابوری ئەمریکا زیاتر پشتی بە ئابوری بازرگانی دەبەست، زەوی بە ڕەمزیی دەوڵەمەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی دەهاتە ژماردن و شۆڕشگێڕەکانیش بە ڕەمزی ئازادیخوازی لە قەڵەم دەدران، بۆیە نوخبەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کەوا ئەگەر هەنگاوی بە پەلە هەڵنەنێن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی مۆدێرن کە بنەماکانی لیبرالیزم تێدا پارێزراو بێت و ئابوریەکی پتەوی هەبێت، وڵاتەکە لەبەر یەک هەڵدەوشێتەوەو یەکێتیەکەشیان دەسڕێتەوە.

تێکچوونی بەرژەوەنـدی جوتیـاران کە زۆرینـەی دانیشـتوانی ولایەتەکانیـان پێـک دەهێنـا لە گەڵ بەرژەوەنـدی بـازرگـان و سەرمایەدارەکان کە سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەلات بوون، مەشخەڵی لێکترازانی ولاتەکەی هەڵگیرساند. نوخبەکـان زۆر بە خێرایی بۆیان دەرکەوت ئەگەر شێوازی ئەم حکومەتە ناکارایە نەگۆڕن بۆ حکومەتێکی بەهێـز و خـاوەن دەسەڵاتی وا کە بتوانێت یاسا بەرقەرار بکات و پەرەپێدان ئەنجام بدات، پێگەی خۆیان لە دەست دەدەن.

نوخبەکانی کۆمەڵگا کە شێوازی حکومەتێکی پشت بەستو بە کۆنفدراسیۆنیان خستبووە ڕوو، بە باشیان نەزانی حکـومەتێکی مەرکەزی بەهێز دروست ببێت، چونکە لە روانگەیەکی لیبـرالەوە دەیـانڕوانیە سروشتی مرۆڤەکـان و پێیـان وابـوو مرۆڤ بە سروشت هەوڵدەدات بۆ ئەنجامدانی کاری خێرو پاراستنی ئازادیەکان و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا.

بە هـۆی ترسـی زۆریـان بـۆ پاراستنی ئـازادی تاکەکەسی کە بەلایـانەوە بەنرخترین شت بـوو، بیریـان بـۆ ئەوە نەچـوو لە ئەنجامی نائارامی و ناسەقامگیری ونەبوونی حکومەتێکی بەهێز، خـودی ئـازادی دەبێتـە یەکەمین قوربـانی. دوابەدوای داوای دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ڤیرجینیـا کە جیمـز مدیسـۆن رۆڵـی سـەرەکی لە پێـک هێنـانیـدا بینـی، نـوێنەری پێـنج ولایەت لە ئاناپۆلیسی میریلاند بۆ وتوێژکردن سەبارەت بە کێشە بـازرگانیەکانی ولایەتەکان کۆبوونەوە.

بەڵام هەمـوو نوێنەرەکـان گەیشـتبونە ئەو بـاوەڕەی کە ئەو کێشـانەی ولاتەکە روبەڕووی بـوەتەوە زۆر گەورەتـرە لە شێواز و جۆری پەیوەنـدیە بازرگانیەکـان و خـودی ئەو کێشـانەش دەرهاویشـتەی ستراکتۆری حکومەت و شێوازی کـارکردنیەتی. ئەگەر ئامانج لە سەربەخۆیی بە دەست هێنـان و بەرگـری کـردن بێت لە ئـازادی و مافەکـان، ئەوا بریتانیـا بە سیاسـەتەکانی خـۆی هەمویـانی پێشـێل کردبـوو. هەمویـان لەوە تێگەیشـتبوون کەوا هێشـتا هـۆکـاری سـەرەکی جەنـگ لە گەڵ بریتـانیـا و دژایەتـی کردنی پادشا بە کردەوە نەڕەخساوە. بە هـۆی لاوازی حکومەت و ناکـارایی پێکهـاتەی دەسەڵات لە دابینکردنـی پێداویستیە ئابوریەکانی خەڵک، ترسی ئەوە هەبوو ئازادیە فەردیەکان بکەونە بەر هەڕەشەوە.

نەبـونی سیستم بە پـلەی یەکەم هەڕەشـەی لە ئـازادی و مـافە سروشـتیەکانی مرۆڤەکـان دەکـرد. ئامـانج لە بـوونی سیسـتم پەرەپێدانی ئازادیەکانە و تەنها لە هەناوی ئازادیەکانـدا مـافە فەردیەکـانی دیکە توانـای دەرکەوتنیـان بـۆ دەرەخسێت. لە ئاناپۆلیس نوێنەرە ئامادەبووەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە کە کۆنڤانسیۆنێکی دیکە بە ئامادەبوونی نـوێنەری هەر سیازدە ولایەتەکە لە فیلادیفیـا ببەسـترێت بـۆ ئەوەی بڕیـار لە سـەر چـۆنێتی بەڕێـوەبردنی ولاتەکە بـدرێت. بـاس لە گۆڕینی شێوەی حکومەتەکە کرا، بەو مانایە کە کۆنفدراسیۆن ببێتە دەسەڵاتدار.



سەرچاوە
Serchawe

## ئەریستۆکراتەکان دیموکراسیی دەخولقێنن

لە ١٤ مانگی ئایاردا کۆنڤانسیۆنی دەستور لە فیلادلیفیای ولایەتی پنسیلڤانیا دەستی پێکرد، بەڵام لە ٢٥ مانگی ئایاردا توانرا نیسابی قانونی بۆ دانیشتنەکان دروست ببێت. ٥٥ نوێنەر لە ١٢ ولایەتەوە هاتن بۆ کۆنڤانسیۆنەکە و تەنیا ولایەتی رۆدئایلند بەهۆی ترسی لە کەمکردنەوەی ئازادیەکانی تاک لەو کۆنڤانسیۆنەدا بەشداری نەکرد. ئەو نوێنەرانەی بەشداریان لە کۆنڤانسیۆنەکەدا کردبوو دەیانویست شێوەی حکومەت بەسەر ٣/٩ ملیۆن لە دانیشتوانی ١٣ ولایەتدا جێبەجێ بکەن.

نوێنەرانی ئامادە بوو لەو کۆنڤانسیۆنەدا بریتی بوون لە نوخبەی کۆمەڵگاکانیان. ئەوان سیمبولی ئەریستۆکراتی ولایەتەکان بوون. دەسەڵاتەکانی یاسادانانی ولایەتەکان ئەو جۆرە کەسایەتیانەیان هەڵبژاردبوو و وەک رەمزی کۆمەڵگاکانی خۆیان ناردبویان بۆ پنسیلڤینیا. ناوەندی تەمەنی ئەندامان ٤٣ساڵ بوو، ئەوەش نیشانەیەک بوو بۆ گەنجێتی وڵاتەکە. ئەو نوێنەرانە نەک هەر لە رووی ئابوریەوە بە نوخبە دەهاتنە ژماردن، بەڵکو لە رووی ئاستی خوێندنیشەوە بە نوخبە دەژمێردران. دیارترین سەرچاوەی داهاتیان بریتیی بوو لە زەویوزار و کۆیلە فرۆشی. یەک لەسەرچواریان خاوەنی گەورەترین زەوی کشتوکاڵی بوون و ٢٥ کەسیشیان کۆیلەدار بوون.

هەموو نوێنەرەکان خاوەنی موڵک بوون. هەشت کەسیان پارێزەرو ئەوانی تر بازرگان، قەشە، دکتۆر و ئەفسەر بوون. هەرچەندە ٨٥% خەڵکەکە جوتیار بوون، بەڵام تەنیا دوو نوێنەریان جوتیار بوون. کریکاران هیچ نوێنەرێکیان نەبوو. رەش پێستەکانیش کە ژمارەیان ٦٠٠ هەزار کەس دەبوو ٢٥٠ هەزاریان کۆیلە بوون، هیچ نوێنەرێکیان لە کۆنڤانسیۆنەکەدا نەبوو. سور پێستەکانیش کە دانیشتوانی رەسەنی وڵاتەکە بوون نوێنەریان نەبوو، چونکە بە بێگانە لە قەڵەم دەدران. پێکهاتەی ئابوری ئەو نوێنەرانە و سەرچاوەی داهاتەکانیان، جگە لە سەپاندنی موڵکداری وەک بونیادێک بۆ کۆمەڵگا، چاوەڕێی هیچی دیکەیان لێنەدەکرا.

ئەو نوێنەرانەی کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا ئامادە ببون بە رەمزی گروپەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگا دەژمێران. ئەوان کاتێک لە ساڵی ١٧٨٧ هاتنە ناو کۆنڤانسیۆنەکەوە بیریان لەوە دەکردەوە بەرژەوەندی چینەکانی دەسەڵاتدار بپارێزن، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەو شێوازەی دەسەڵات لەو کاتەدا باڵادەست بوو نەیدەتوانی ئەو ئەرکە راپەڕێنێت. بۆیە بڕیاریان دابوو ئەو شێوازەی دەسەڵات لە رگەوە هەڵتەکێنن.

ساڵی ١٧٨٦ ئەو کاتەی هەر پێنج ولایەتی ڤیرجینیا، پنسیلڤینیا، دلڤر، نیوجرسی و نیویۆرک کۆبونەوە و دەیانویست



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی دادێ کونڤاسیۆنی دەستور ببەستن، نەک هەر لە هەوڵی چاککردنی پێکهاتەی کۆنفدراسیۆنەکەیاندا نەبوون، بەڵکو بیریشیان لەوە نەکردەوە شتێکی نوی دروست بکەن.

قەیرانی ئابوری سەقامگیری وڵاتەکەی خستبوە مەترسیەوە، ئەو قەیرانە زیاتر خۆی لە زۆری پارەی کاغەزی بێ رەسید و کەمی پارەی سکەیی و نەتوانینی زۆربەی خەڵک بە تایبەت جوتیاران بە بژاردنی قەرزەکانیان و زۆربوونی قەرزی گشتی و نەبوونی یەک جۆر دراو بۆ هەموو وڵات، دەردەکەوت. نوخبەکان گەیشتبونە ئەو باوەڕەی کە بە پێچەوانەی کۆبونەوەی ئاناپۆلیس، دەبێت کار بکەن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی نویێ تا بتوانێت ئابوری وڵاتەکە ببوژێنێتەوە و هەلی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئابوری کۆمەڵگا بڕەخسێنێت.

ئەو ولایەتانەی کە کەوتبونە ناوچەی نیوئینگلاند واتە ولایەتەکانی نیوهمشایر دانیشتوانەکەی١٤١٢٧٧ کەس و ماساچویست کە دانیشتوانەکەی ٣٧٨٧٨٧ کەس بوو رودئایلند کە دانیشتوانەکەی ٦٧٨٧٧ کەس بوو، کنتاکی کە دانیشتوانەکەی ٢٣٥١٨٢ کەس بوو، نیویۆرک کە دانیشتوانەکەی ٣١٨٧٩٦ کەس بوو، نیوجرسی کە دەکەوتە ناوەندەوە و دانیشتوانەکەی١٧٢٧١٦ کەس بوو، پنسیلڤانیا کە دانیشتوانەکەی ٤٣٠٦٣٦ کەس بوو، دلڤربا کە دانیشتوانەکەی ٥٠٢٠٩ کەس بوو، میریلاند کە دانیشتوانەکەی ٢١٦٦٩٢ کەس بوو، ڤێرجینیا کە لە باشور بو دانیشتوانەکەی ٤٥٤٩٨٣ کەس بوو، کارۆلینیای باکور کە دانیشتوانەکەی٢٩٣١٧٩ کەس بوو، کارۆلینیای باشور کە دانیشتوانەکەی ١٤١٩٧٩ کەس بوو و جۆرجیا کە دانیشتوانەکەی ٥٢٢٨٤ کەس بوو، هەر هەموویان وەک یەک و بە شێوەی یەکسان توشی قەیرانی ئابوری نەهاتن. بەڵام هەمویان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم شێوازەی حکومڕانیەی ئێستا ناتوانێت کێشە ئابوریەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات. شۆڕشەکەی «شی» ناوەڕۆکێکی ئابوری و چینایەتی هەبوو، نوخبەکان پێیان وابوو گەر چارەسەر نەکرێت زریانەکەی رەگ و ریشەی سیستمی کۆمەڵایەتی لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە.

## بەشی پێنجەم

### یەکێتی نێوان دین و ئاین لە ئەمریکا

ئەو نوخبانەی کە لە کونڤانسیۆنەکەدا وەک نوێنەر بەشداریان کردبوو، لە پاڵ لێکچونی چینایەتی و بەرژەوەندی ئابوری، تایبەتمەندیەکی دیکە کۆی دەکردنەوە، ئەویش ئەوەبوو کە هەمویان لە رووی ئاستی خوێندنەوە لێک نزیک بوون.

لە سەردەمی سەربەخۆییدا ٩ ناوەندی فێرکردنی باڵا لە سەرتاسەری ولایەتەکاندا کرابوونەوە و لە کاتی کونڤانسیۆنەکەدا

ژمارەکە گەیشتە ١٥ ناوەند. زۆربەیان لە ناوچەی نیوئینگلند بوون. هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی نیوئینگلند نزیکەی یەک ملیۆن کەس بوو، ناوچەکانی ناوەڕاستیش نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس و باشوریش یەک ملیۆن وپێنسەد هەزار کەس، بەڵام لەبەر هۆکاری ئابوری زۆرترین ئەوانەی کە حەزیان لە خوێندن هەبوو خەڵکی ناوچەی نیوئینگلند بوون و هەر لەبەر ئەوە زانکۆکان لەوێ دامەزران.

ئەو کۆبونەوە بۆ ئەوە بوو کە شێوازێکی نوێی حوکمڕانی بدۆزرێتەوەو دەستورێکی نوێ بنوسرێتەوە. ئەوەی ئەم کۆبونەوەی لە کۆبونەوە هاوشێوەکانی دیکەی لە قۆناغی تردا جیادەکردەوە ئەوە بوو بەشداران لە رووی سیاسییەوە تێگەیشتنی تەواویان هەبوو، هەروەها زانیاری زۆریان سەبارەت بە جۆرەکانی ستراکتۆری حوکومەتەکان هەبوو. هۆکاری ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی نوخبەکانی کۆمەڵگا گرنگی زۆریان بە وەرگرتنی زانست و زانیاری دەدا. بیرکردنەوەیەکی لە و جۆرەش دەرهاویشتەی ئەو پەروەردە ئاینیە بوو کە باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشابوو.

دەبێت سەرنج لەوەش بدەین کە لە کاتی بەستنی کونڤانسیۆنەکەدا زیاتر لە ٧٠ رۆژنامە کە زۆرترینیان هەفتەنامە بوون دەردەچوون. هۆکاری ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو پێگە گەورەیەی کە ئاین هەیبوو لە ناو کۆمەڵگاکەدا. لە نێو ئەو کۆچبەرانەی کە هاتبوون، تەنیا گروپە ئاینیەکان بە هۆی بیروباوەڕ و بەها فکرییەکانیان گەیشتبوونە ئەمریکا. ئەوان بۆ ئەو مەبەستە هاتبوون تاوەکو بیروبۆچوونە ئاینیەکانی خۆیان لەم سەرزەویە نوێیەدا پیادە بکەن.

لەبەر باوەڕی زۆری پیاوانی ئاینی بە بەهاو شتە ئەخلاقیەکان، هەر لەسەرەتای هاتنیان جەختیان لەسەر بڵاوکردنەوەی پەروەردەو فێرکردن لە موستەعمەرەکاندا دەکردەوە. یەکەمین کۆلێژ لە لایەن قەشەیەک بە ناوی «هارڤارد»ەوە دامەزرا. زۆربەی دامەزراوەکانی فێرکردن لە نێوان ساڵانی ١٦٠٠ بۆ ١٧٠٠ لە لایەن ناوەندە ئاینیەکانەوە کرانەوە. ئەو پیاوە ئاینیانە پێیان وابوو نەزانین و نەخوێندەواری دایکی کوفر و ئیلحادە. ئەو کەسەی نەخوێندەوار بێت توانای ئەوەی نییە پەی بە گەورەیی و بە توانایی خواوەند ببات. لە چۆنێتی دروست بوونی سروشت و مرۆڤەکان تێناگات. هەر لەبەر ئەوە بوو دروست کردنی خوێندنگەی سەرەتایی بو بە کارێکی ئیجباری.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی پیاوانی ئاینی رۆڵێکی گەرەیان لە بڕیاردان لە شارە گەورەو بچوکەکاندا دەگێڕا، بڕیاردرا لەو شارانەی کە دانیشتوانەکەی لە ٥٠ خێزان زیاتر بێت دەبێت قوتابخانەیەکی سەرەتایی بکرێتەوە و ئەو شوێنانەشی کە ١٠٠ ماڵ زیاتری تێدایە قوتابخانەیەکی ناوەندی بکرێتەوە. ئەو گروپە ئاینیانە پێیان وابوو ئەو کۆمەڵگایەی کە ئاستی زانستی بەرز بێت هەلومەرجی تێگەیشتن لە باوەڕە ئاینیەکان زیاتر دەڕەخسێت. لە پێشەکی ئەو کۆمەڵە یاسایانەی کە لە

سالّی ١٦٥٠ سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان دەرکرا هاتووە «لەبەر ئەوەی گەورەترین چەکی شەیتان نەزانینی کەسەکانە،.. بۆیە پەروەردەو فێرکردنی منداڵان گرنگترین مەسەلەی بەرژەوەندی مەملەکەتەکە پێک دێنێت.»

## پلۆرالیزم و ئازادی مەزهەبی

بە هۆی باڵادەستی ریفۆرمخوازانی ئاینی لە کاروباری مەزهەبی موستەعمەرەکاندا، هیچ هەوڵێک بۆ نزیک کردنەوەی حکومەتی موستەعمەرەکان لە گەڵ ئایندا نەدرا، لە هەمان کاتدا هیچ هەوڵێک بۆ یەکخستنی ئاینی نەدرا لە ئەمریکا. چەندین جۆر کەنیسە لە موستەعمەرەکاندا دامەزران وفرە مەزهەبی بو بە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی موستەعمەرەکان. سالّی ١٦٤٩ دوابەدوای هاتنی کۆمەڵێک کۆچبەر کە خاوەنی بیروباوەڕی ئاینی بوون لە یاسای لێبوردەیی ئاینی «میرلەند» دەرچوو.

لە بنەڕەتدا بریتانیا موستەعمەرەکانی بۆمەبەستی بازرگانی دامەزراند و هەر لەبەر ئەوەش هانی خەڵکی دەدا بەرەو ئەو جوگرافیا تازەیە کۆچ بکەن. دواتریش بە هۆی فراوان کردنی قەڵەمڕەوی موستەعمەرەکان هاندان بۆ کۆچکردن بۆ رۆژئاوا دوبەرامبەر زیاتر بوو. بە هۆی بەربڵاوی سەرزەویەکان زۆر بە ئاسانی دەکرا لە کەنیسەیەکەوە بگوازیتەوە بۆ کەنیسەیەکی دیکەو لە ئاین و مەزهەبێکەوە بچیتە سەر مەزهەبێکی تر. هەموو ئەو خاڵانە وایان کرد مەسەلەی لێبوردەیی ئاینی و فرە مەزهەبی و باوەڕی دینی لەو وڵاتە تازە دامەزراوەدا زیاتر تەشەنە بسێنێت.

هەر بۆیە کاتێک رێبەرانی پیورتینەکان رایانگەیاند، دەبێت ئامانجی دەسەڵاتی سیاسیی بریتی بێت لە رزگارکردنی مرۆڤەکان لە سەر زەوی و ئامانجی ئاینیش رزگارکردنی رۆحیانە لە ئاسمان، هیچ بەرهەڵستکاریەک پیشان نەدرا لە لایەن ئەندامە هەڵبژێراوەکانی یاسادانان و فەرمانڕەواکانی موستەعمەرەکان کە لە لایەن شای بریتانیاوە دانرابوون. بوونی کۆچبەری هەمەجۆر و بەربڵاوی ناوچەکەو هاتنی کۆچبەری نوێ بە بیروباوەڕی مەزهەبی جیاواز بۆ وڵاتەکە، پێداویستی بازرگانی، پێشینەی ریفۆرمخوازی ئاینی و توانای گوێزانەوە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە، هەموو ئەوانە کاریگەری فراوانیان لە سەر بیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێنەرانی کۆنڤراسیۆنی وڵاتەکە هەبوو.

بە هۆی پشت بەستن بە عەقل، کە دەکرێت بە کولتوری پیورتینەکانی ئەمریکا بزانرێت، نوێنەرانی کۆنڤراسیۆنی دانانی دەستور هەمویان خاوەن زانیاری و هۆشیاری زۆر بوون، هەمویان بە بیرێکی کراوەو لە هەموی گرنگتر بە هۆشیاریەوە تەماشای رۆڵی ئاینیان دەکرد لە کۆمەڵگادا. هەمویان پێیان وابو کە دەبێت دەستور بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە رۆڵی ئاین لە وڵاتەکەو لە هەمان کاتدا عەقلانیەت بەرجەستە ببێت.



سەرچاوە
Serchawe

لەو کۆنڤدراسیۆنەدا نوێنەران باوەڕی تەواویان هەم بە ڕەوایەتی ئیمان و هەمیش بە ڕەوایەتی پشت بەستن بە عەقڵ هەبوو. ئەو ٥٥ نوێنەرەی کە لە ١٢ ولایەتەوە هاتبوون و لە فیلادلفیا کۆ ببونەوە وەک چۆن لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی پیورتینەکاندا بوون، بە شێوەیەکی ئاشکراش کەوتبونە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە سیاسی وفکریانەی کە لە بریتانیادا بەرپابوو. ئەوەش شتێکی زۆر لۆژیکی بوو.

## بەشی یەکەمی

### کولتوری ئینگلیزیی و لیبرالیزمی دایک

لە بنەڕەتدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی بریتانیا بەسەر موستەعمەرەکاندا، نوخبەکانی موستەعمەراتەکان لەبەر دەست راگەیشتنیان بە پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وبازار بەرهەمی پیشەسازی و پشتیوانی سەربازی، هەردەم ژێردەستەی نوخبەی وڵاتەکەی خۆیان واتە بریتانیادا بوون. جگە لەوە موستەعمەراتەکان لە رووی کولتوری و سیاسیی و ئابوریشەوە لە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا بوون. هەر لەبەر ئەو خاڵانەیە شۆڕشی ١٦٨٨چەندە توانی هاوسەنگیەکان لە بریتانیا بگۆڕێت، بە هەمان رادە کاریگەری هەبوو لەسەر تێگەیشتنی سیاسیی و دۆزینەوەی گونجاوترین نمونەی حکومەت بۆ ئیدارەدانی کۆمەڵگا.

شۆڕشی ١٦٨٨ لە بریتانیا توانی بۆ هەتا هەتایە دەسەڵاتی ئیلاهی دواین پادشای بنەماڵەی «ئستوارت» بروخێنێت و سیستمی دەسەڵاتی پادشاهی پەرلەمانی لە جێگەی دامەزرێنێت. ئەم گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی حکومەتدا ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت لەمەولا پادشا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی هاوکاری پەرلەمان بکات. لەم کاتەوەیە چەمکی «دەسەڵاتی هەماهەنگ» کە شێوەیەکە لە تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی منتسکیۆ، دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەم شێوازی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر بۆ یەکەم جار بوو پراکتیزە دەکرا، چونکە شا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لە ئەستۆدا بوو، ئەنجومەنی عەوام دەسەڵاتی یاسادانان و ئەنجومەنی لۆردەکان دەسەڵاتی قەزایی. وەزیرەکانی شا دەبوایە پاش رەزامەندی ئەنجومەنی عەوام دەست بەکار بن.

ئەم شێوازەی دەسەڵات کە دوابەدوای گفتوگۆو بێنەوبەردەکانی نێوان «ماری» کچی پادشای هەڵهاتوی وڵات و مێردەکەی «ویلیام» هاتبونە ئاراوە. ئەو مەسەلەیە هەرچەندە لە ساڵی ١٦٨٩ بوە هۆی نوسینی مانفێستی مافەکان، بەڵام زۆر بە پێچەوانەی ئەو لۆژیکە بوو کە مونتسکیۆ باوەڕی پێی بوو. هەر لە بەر ئەوەبوو ساڵی ١٧٧٦ تۆماس پین لە رێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیەوە رۆڵێکی فراوانی لە هاندانی شۆڕشگێرەکاندا بینی و رایگەیاند هەرچەندە بریتانیا



سەرچاوە
Serchawe

پێشکەوتوترین کۆمەڵگای وڵاتانی ئۆروپایە، بەڵام گواستنەوەی شێوازی دەسەڵاتی بریتانیا بۆ ئەمریکا شتێکی گونجاو نییە و دەبێتە هۆی هاتنە سەرکاری حکومەتێکی عەوام گەرا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو کە مەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەمریکا خرایە بەر باس و جێگەی خۆی کردەوە. هەرچەندە جۆری ئەو حکومەتەی کە لە بریتانیا دەسەڵاتدار بوو جیاواز بوو لەوەی ئەمریکا، بەڵام ئەو ئەندێشەو بیرکردنەوەی کە بووە هۆی سەرولێژکردنی پێکهاتەی سەڵتەنەت لە بریتانیا، لە ئەمریکاش پێگەی خۆی هەبوو.

ئەو بیرکردنەوانە جەختی لە سەر پەیمانی کۆمەڵایەتی و ناوەڕۆکی ئەوەی دەسەڵات دەبێت لە دەستی خەڵکدا بێت دەکردەوە. بە پێچەوانەی شۆڕشگێڕە فەرەنسیەکان کە دروشمی «بژی کۆماریەت»یان بەرز کردبووەوە، شۆڕشگێڕە ئەمریکیەکان باسیان لە پێویستی بوونی نوێنەر بۆ دانانی یاساکانی تایبەت بە دارایی دەکردەوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا گرنگی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی خەڵک پێیان لە سەر بوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕێکەوتن لە سەر ستراکتۆری حکومەت و خەڵک وەک سەرچاوەی دەسەڵات، دادەگرت.

نوێنەرانی سێ جۆر بەرژەوەندی ئابوری لە کۆنڤانسیۆنەکەدا ئامادەبوون، بەڵام هەر هەموویان لە رووی پەیوەندی و نزیکیان لە بریتانیاوە لە ماوەی نیشتەجێبونیان لە موستەعمەرەکاندا لە رووی فەلسەفی و سیاسییەوە بە شێوەیەکی توند کەوتبوونە ژێر گۆڕانکارییەکانی بریتانیاوە. ئامادەبوانی کۆنڤانسیۆنەکە نوێنەری بانک و بازرگان و بەرهەمهێن و خاوەن موڵکەکان بوون. ئەو تێڕوانینەی تۆماس هابز کە دواتر جون لۆک و ئادام سمیس وئسپینوزا پەرەیان پێدا، بوو بە بنەڕەتی لیبرالیزم و ڕوڵی سەرەکی لە دانانی دەستوردا بینی و دەری خست کۆمەڵگاو حکومەت خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن.

ئەگەر شۆڕشی ١٦٨٨ لە ئەنجامی نامەی دووەمی جۆن لۆک بوو سەبارەت بە حکومەتی مەدەنی، بە دڵنیاییەوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بوە هەوێنی فکری شۆڕشی ١٧٧٦ و دواتر گیانی بەبەر ژیانی سیاسیی لە ئەمریکاو نوسینەوەی دەستوردا کرد. ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگاکان هەڵقوڵاوی خواستی خەڵکە بۆ پاراستنی مافە سروشتیەکانیان و ئەوەشی دەبێتە هۆی دروست بوونی حکومەتەکان بریتیە لە چۆنێتی پاراستنی ئەو مافانە.

## بەشی شەشەم

## بەشی دووەم و کۆتایی

### کولتوری ئینگلیزیی و لیبرالیزمی دایک

پێش شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٦٨٨چەمکی سنوردار کردنی دەسەڵات لەسەر هەمان ئەو بنەمایانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست باڵادەست بوون پێناسەی بۆ دەکرا، سنوردارکردنەکەش لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی شاو کەنیسەو ئەشرافەکانەوە جێبەجێ دەکرا.بەڵام لەم هاوکێشەیەدا لەبەر ئەوەی کەنیسە دەسەڵاتەکانی لە ئاسمانەوە وەردەگرت، دەبوو لە چوارچێوەیەکی جیاواز لە دەسەڵاتەکانی تردا تەماشا بکرێت.دوابەدوای کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و کاڵبوونەوەی ڕۆڵی کەنیسە و هاتنی سیستمی سەرمایەداری لە جێگەی سیستمی فیوداڵیزم و دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن، زەرورەتی سنوردارکردنی دەسەڵات شێوەیەکی تازەتری لە خۆ گرت.

هەرچەندە چەندین دەیەی خایاند بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی «سروشتی» دەرکەوێت و بچەسپێت، بەڵام شۆڕشی مەزن ئەوەی وەک خەڵاتێک بەخشیە بریتانیا.دواتر ئەو سنوردارکردنەی دەسەڵات خەسڵەتێکی زۆر جەوهەری وەرگرت.بۆچونەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو سنوردارکردنە بۆ هەتاهەتایی بێت، بۆ نمونە دەبێت یاسا باڵادەست بێت و پرۆسەی یاسا دەبێت ئیلزامی بێت.زەرورەتی جەخت کردنە سەر ڕەزامەندی خەڵک وەک بنەمایەکی سەرەکی حکومڕانی هاتەئاراوە.ڕەوتی بڕیاردانی سیاسیی و حوکمڕانی دەبێت شەفاف و ئاشکرا بێت و چەمکی نابێ تەنیا یەک دەستەو تاقم بەرپرس بن سەری هەڵدا.ئازادیەکانی تاک دەبوایە گشتگیر بن و ئەو سنورانەی کە بۆ حکومەت دادەنرێت دەبێت پتەو و ڕیشەیی بن، واتە نابێت بە پێی کات و شوێن بگۆڕین، گرنگترین ئازادیەکانی تاک بریتی بوون لە ئازادی ڕادەربرین و ئازادی ئاینی.

### دەبێت لە چوارچێوەی لۆژیکی سنوردارکردنی دەسەڵات بنوسرێتەوە

نوێنەرانی ئامادەبوو لەو کۆنڤانسیۆنەدا بڕیاریاندا دەستوری ئەمریکا دەبێت لە چوارچێوەی لۆژیکی سنوردارکردنی دەسەڵات بنوسرێتەوە و تایبەتمەندیەکانی ئەمریکاو ئەو ئەزمونە مێژووییەی کە بەدەست هاتبوو لەبەرچاو بگیرێت.ئەو تێزەی کە منتسکیۆ سەبارەت بە سنوردارکردنی دەسەڵاتەکان هەیبوو هاتە مەیدانەکەو بۆچوونی لیبرالیزمیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونە تایبەتەکانی ئەمریکاو ناوەڕۆکی ژیان لە سیازدە ولایەتەکە کە بەرهەمی ئەزمونی مەدەنی ساڵەهای ساڵ بوو خرایەڕوو.

لە هەموی گرنگتر چەکی کۆماری بوو کە خرایە بەرباس، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە جۆرێکی تایبەت لە هاوسەنگی سیاسی لە ئەنجامدانی چالاکیەکان لە لایەن پێکهاتەی دەسەڵاتەوە ڕەچاو بکرێت.ئەو نوێنەرانەی کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا ئامادە بون بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە بوو کە داوای دابەشکردنی دەسەڵاتدارێتی حقوقیان دەکرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە خەڵک بتوانن پەیمانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ دەسەڵاتدا ببەستن و مافە سروشتیەکانی خۆیان بەو شێوەی کە دەیانەوێت بەدەست بهێنن.بە پێچەوانەی هاوتا بریتانیەکانی خۆیان، نوخبەکانی ئەمریکا کە لەو کۆنڤانسیۆنەدا ئامادە ببون داوای

ستراکتۆرێکیان دەکرت کە «ئەلکس دوتوکوویل» ناوی نابوو بنەمای سەربەخۆیی گوندەکان.

بە پێچەوانەی بریتانیا و کۆمەڵگاکانی دیکەی ئۆروپا، لە ئەمریکادا بۆ دروستکردنی وڵات وستراکتۆری سیاسی ڕێگەیەکی جیاواز گیرایەبەر.لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئابوری و فەرهەنگی و بونیادی و ئاینی وڵاتی ئەمریکا لە ئەنجامی گوشار و خواستی مەرکەزەوە دانەمەزرا، هەر ئەوەش وای کرد توندوتیژی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئەمریکادا ڕۆڵی نەبێت.

دواتر تەنیا حکومەتە لۆکاڵیەکان و دەسەڵاتە یاسادانانە لۆکاڵیەکان و ستراکتۆری دەسەڵاتی ولایەتەکان بوون بە بڕیاردەر و حوکمڕان.بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەی باس کران ولایەتەکان بڕیاریاندا لە دەوری یەک کۆببنەوەو وڵاتێک دروست بکەن و هەر ولایەتێکیش دەسەڵاتداریتی خۆی بپارێزێت.

چەمکی گەل - دەوڵەت لە ئەمریکا هاوشێوەی ئۆروپا لە بەر هۆکاری نەبونی سەنترالیزم و خواستی حاکمەکان دروست نەبوو، بەڵکو جوڵانەوەکە لە پەراوێزەوە بەرەو سەنتەر هەنگاوی نا، بۆیە دەبینی هەرچەندە پێکهاتەی دەوڵەت _ میلەت وەکو ئۆروپا بوو، بەڵام شێوەو چۆنیەتی دروست بونیان جیاواز بوو.

## بتوانێت کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات

لە کۆنڤانسیۆنی دەستوردا بڕیار وابوو لە بەر پێویستی هاتنە سەر کاری حکومەتێک کە لە گەڵ هەلومەجی مۆدێرندا بگونجێ و بتوانێت کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات و بۆچون و تێڕوانی ولایەتەکان لەو بارەوە ڕەچاو بکات، بە واتایەکی دی بۆ بوژانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی و بەڕێوەبردن بونی حکومەت بە پێویست زانرا. ئەو کاتەی کە لە ڕۆژی ٢٥ مانگی ئایاردا نوێنەران سەرقاڵی دانانی دەستور بوون ئاشکرابوو کە ستراکتۆری ئەو حکومەتەی کە ئەوان کاری بۆ دەکەن لە ڕێگەی وتوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان ولایەتەکان دروست دەبێت و حکومەتی مەرکەزی دروستکراوی هەوڵ و تەقەلا و بە پێی خواستی ولایەتەکان دەبێت.

دیموکراسی گوندنشینی کە یەکێک بو لە تایبەت مەندیەکانی قۆناغی موستەعمەرات، بە هۆی باوەڕی نوێنەرەکان لە کۆنڤانسیۆنەکەدا بەهاو پێگەی خۆی هەبوو.کۆنڤانسیۆنەکە لە پێناوی دروستکردنی شێوەیەکی نوێی حکومەتداری دروست بوو، ئەوەش سەری گرت چونکە هەمو ئەندامان باوەڕیان بەوە هەبوو کە دەسەڵات دەبێت لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێت. دەسەڵات دەسەڵاتێکی خواوەندی نییەو بەڵکو ئەوە خەڵکن بناغەکەی دادەنێن.

کۆچبەران ئەو نەریتەیان لە بریتانیاوە لە گەڵ خۆیاندا هێنایە سەرزەویە نوێیەکەوە «لەبەر ئەوەی حکومەت بۆ هێنانەدی

خواستەکانی خەڵک دروست دەکرێت، بۆیە دەبێت ستراکتۆری حکومەت بە خواست و ویستی ئەوان دروست بکرێت».بۆ ئەوەی حکومەت ئەو هێزەی کە لە خەڵکی وەرگرتووە بۆ مەرامی خراپ و ڕێگە پێنەدراو بەکار نەهێنێت، لە دەستوری هەموو موستەعمەرەکاندا «مانیفێستی مافەکان» جێگیرکرا، بەڵام تەنها لە ڤیرجینیا ئەو «مانیفێستە» لە دەرەوەی دەستور و بە شێوەی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە.دەسەڵات ڕەوایەتی خۆی لە خەڵک وەردەگرێت و شوێنی ئەو دەسەڵاتە ڕەوایەش خودی حکومەتە.

## هۆکاری یەکەمی دروست بونی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سەرەتا لە موستەعمەرەکان و دواتر لە ولایەتەکان ئەو سونەتە ئینگلیزیانەی کە لە ڕێگەی (ویک) بە شێوە سەرەتاییەکەی دروست ببوو، بەتەواوی جێگیر بوو و کەوتە بواری پراکتیکەوە.پراوێز خستنی (ولایەتەکان) لەبەر ئەوە بوو کە لە کۆنڤانسیۆنەکەدا ئەو مەسەلەیە یەکلاکرابووەوە. ئەوەی کۆنڤانسیۆنی دەستوری لە فیلادیفیا جیادەکردەوە لەوانی دیکە ئەوە بوو کە هۆکاری یەکەمی دروست بونی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەربەخۆیی موستەعمەراتەکان. هۆکاری دوهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بڕیار وایە ئەمریکا بە پێی مانیفێستی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، پێویستە سەربەخۆیی لە کارکردندا بپارێزرێت و لە هەمانکاتیشدا ستراکتۆری حکومەت دەبێت توانای ئەوەی هەبێت خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری ئەنجام بدات.

بۆ دروستکردنی حکومەتێکی مەرکەزی کارامە دەبێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە تەماشا بکرێت، ئەوەش پێچەوانەی ئەزموونی ئۆروپایە.لە ئەمریکا حکومەتی مەرکەزی لە ئەنجامی خواستی ولایەتەکان دروست بوو، نەک بە ویستی خودی دەسەڵاتی مەرکەزی، یاخود گروپێکی تایبەتی ناو کۆمەڵگا بە گرنگ و پێویستی بزانێت.بە پێچەوانەی ئۆروپاوە خواستی دروست بوونی دەوڵەتی مۆدێرن و ژیانی سیاسیی لە پێشدا لە گوندەکانەوە دەرکەوت و ئەنجا لە شارۆچکەکان و دواتر لە شارەکان و ولایەتەکان سەری هەڵدا.نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن لە ڕووی ناوەڕۆکی بیروبۆچونەوە زۆر لە یەک نزیک بوون.

تێگەیشتن لەو مەسەلەیەش زۆر ئاسان بوو، هەموو ئەو کەسانەی بەشداربوون لەو کۆنڤانسیۆنەدا خاوەن بڕوانامەی بەرزبوون و هەموشیان لە ڕووی تیوریەکانی حکومڕانیەوە لە سەرچاوەی فکری نزیک لە یەکەوە هاتبوون.هەمویان باوەڕیان بە فەلسەفەکانی جۆن لۆک و بەها سونەتیەکانی لیبرالیزم هەبوو.هەمویان تاسەر ئێسقان پەیوەست بوون بە دەستوری ولایەتەکانیانەوە کە هەڵقوڵاوی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ بوون.

هەر هەمویان ناوەڕۆکی مانیفێستی سەربەخۆی ئەمریکایان پێ پەسەند بوو.مانیفێستی سەربەخۆیی ئەمریکا لە سەر بنەمای



سەرچاوە
Serchawe

فکری جۆن لۆک و بەها لیبرالیەکان دارێژابوو، زۆربەی ئەندامانی کۆنڤانسیۆنەکەش رۆڵیان هەبوو لە نوسینەوەیدا.هەر لەبەر ئەوەش بوو لە کاتی وتوێژکردن لەسەری، بگرەوبەردە نەکەوتە ناو ئەندامانەوە، چونکە هەمویان لە رووی بیرکردنەوەو بۆچونەوە لێک نزیک بوون. ئەوەی لێکی جیادەکردنەوە چۆنێتی پراکتیزەکردنی دەستورەکەبوو لە سەر ئەرزی واقع.

## بەشی حەوتەم

### لیبرالیستە کلاسیکەکان

بەشدارانی کۆنڤانسیۆنەکە هەندێک ئامانجی جیاوازیان هەبو کە هەڵقوڵاوی واقعی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ولایەتەکانیان بوو. جیاوازیەکان سێ جۆر بوون، جیاوازی لە رادەی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی. لەمبارەوە نوێنەران بە پێی گەورەو بچوکی ولایەتەکان دابەش ببوون. ولایەتە گەورەو پڕجەمعیەتەکانی وەک ماساچویست، پنسیلڤانیاو ڤیرجینیا دەیانویست حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەبێت. بۆ؟ تا لە کاتی هێرشی دوژمنانی دەرەکی بەرگری لە وڵاتەکە بکات. ئاشتی و ئارامی لە ناوخۆ کە مەرجێکی سەرەکی پەرەپێدانی وڵاتە بەرقەرار بکات و سەرچاوەو هەلومەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە هەموو رووەکانەوە بڕەخسێنێت.

بەڵام ولایەتە بچوکەکانی وەک جورجیا، دلڤر و رودئیلند دەیانویست حکومەتێکی لاوازی مەرکەزی هەبێت. بۆ؟ چونکە حکومەتی مەرکەزی لاوازی ناتوانێت دەسەڵاتی ولایەتەکان کەم کاتەوە. ناتوانێت مافی تاکەکەس و ئازادیە مەدەنیەکان پێشێل بکات.  لۆژیکی ولایەتە گەورەکان بریتی بوو لە بەکارهێنانی توانا وسەرچاوەکانی وڵات بۆ پێشکەوتنی ئابوری و پەرەپێدان. بەڵام لۆژیکی ولایەتە بچوکەکان پێکهاتبوو لە جەخت کردنە سەر گرنگی پاراستنی ئازادیەکان.

ئەو دوو بۆچونە لەبەرامبەر یەکدیدا وەستانەوە. ئەوەی لە کۆنڤانسیۆنەکەدا خرایە بەرباس، ئەوە بوو چۆن دەتوانرێت لە نێوان «سیستم» و «ئازادی» کە دوو بۆچونی جیاوازن گونجانێک دروست بکرێت. لە وڵاتانی دیکەی وەک بریتانیا ئەزموون دەری خستبوو کە دەبێت یەکێکیان شوێن بۆ ئەوی دیکەیان چۆڵ بکات و حەتمەن لە کۆتایدا هەر ئازادی دەبێتە قوچی قوربانی. پرسیارەکە ئەوەبوو چۆن دەتوانرێت خواستەکانی هەردوو لا جێبەجێ بکرێت؟ نوێنەران بۆ ئەوەی بتوانن ئەو یەکێتیە پتەوەی کە لە دەستورەکەدا پەیمانی  دروست کردنیان دابوو پێک بهێنن، دەبوایە لە نێوان «سیستم»  و «ئازادی» پەیوەندیەکی ئۆرگانیک دروست بکەن.

شۆڕشی گەورەی ١٦٨٨ و ئەزمونی بریتانیا کە تەنانەت بە لای کەسێکی وەک «تۆماس پین» باڵاترین و پێشکەوتوترین

وڵات بوو لە رووی ئازادیەوە، بەلای نوێنەرانی ئامادەبووی کۆنڤانسیۆنەکەوە بە نمونەیەکی ئیدئاڵ دانەدەنران. لایەنگرانی حکومەتی مەرکەزی بەهێز، لەبەر هۆکاری ئابوری و ئاسایش ئەو بۆچونەیان هەبوو. ئەمانە زیاتر لە بۆچونەکانی جۆن لۆک سەبارەت بە ماهیەتی مەدەنیانەی کۆمەڵگا، نزیک تر بوون. هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت بە واتای وشە پێیان بوترێت لیبراڵە کلاسیکەکان. ئەبێت ئەوەش بزانین مەبەست لە چەمکی حکومەتی بەهێز یان لاواز بەواتای بەهێزی و لاوازی حکومەت نییە لە رووی سەربازی یان رادەی دەسەڵاتەکانی ، بەڵکو مەبەست لێی پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵک بوو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی حکومەت بۆ نادیدە گرتنی مافەکانی تاک.

مەسەلەیەکی دیکەی جێگەی ناکۆکی ئەوە بوو چۆن بازرگانی لە نێوان ولایەتەکان خۆیان و ولایەتەکان و وڵاتانی دیکە رێک بخرێت.

دەستەیەک لە نوێنەران پێیان باش بوو ئەو مەسەلەیە لە دەستی حکومەتی مەرکەزیدا بێت، کەچی دەستەیەکی دیکەیان پێیان وا بوو حکومەتی مەرکەزی نابێت لەو مەسەلەیەدا رۆڵی هەبێت. لەو رووەوە دوو گروپ سەری هەڵدا. ولایەتەکانی باکور کە ئابوریەکەیان پشتی بە بازرگانی و کرین وفرۆشی بەهەمە پیشەسازیەکان دەبەست دەیانویست حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دروست بکرێت و پەیوەندیە بازرگانیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکە لە ئەستۆ بگرێت و یەکپارچەیی دروست بکات.

بەڵام ولایەتەکانی باشور کە کشتوکاڵ سەرچاوەی ئابوریەکەیانی پێک دەهێنا و بە تەواوی پشتیان بە بازرگانی لە گەڵ وڵاتانی دیکەدا دەبەست، نەیاندەویست حکومەتی مەرکەزی هەستێ بە رێکخستنی کاروباری بازرگانی ولایەتەکەیان. چونکە دەبوە هۆی دانانی باج لە سەر کاڵا نێردراوەکانیان و کەمبونەوەی قازانجەکەیان. ئەگەر پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان ولایەتەکان لە نێو خۆیان و ولایەتەکان و وڵاتانی بێگانە بە پێی چەند یاسایەکی هاوبەش و وەک یەک رێک بخرابایە، حەتمەن دەبو کۆیلەداریش قەدغە بکرێت. ئەوەش پێچەوانەی بەرژەوەندی ولایەتەکانی باشور بوو.

ماساچویست تەنها ولایەتێک بوو کە کۆیلەداری تێدا نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش داوای دەکرد بازرگانی لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە بەڕێوە ببرێت. دەبێت بوترێت تەنیا لە دەستوری ڤیرمونتدا کە لە ساڵی ١٧٩١دا لە لایەن ولایەتەکانەوە سەربەخۆییەکەی بە رەسمی ناسرا، کۆیلەداری و بازرگانی کردن بە کۆیلە بە شێوەیەکی ئاشکرا قەدەغەکرا.

بابەتێکی دیکەی جێگەی ناکۆکی کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی تەکەتولات، مەسلەی چۆنێتی دانانی نوێنەر بوو بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەوە یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ و

ئاشکرای هەبوو بە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و پەیوەندیان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی وڵاتەوە.

ئەو ولایەتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر بوو دەیانویست ژمارەی نوێنەرانی هەر ولایەتێک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی ژمارەی دانیشتوانی ولایەتەکە دیاری بکرێت. بەڵام ئەو ولایەتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان کەم بوو دەیانویست هەموو ولایەتەکان بەیەکسانی نوێنەریان هەبێت. ئەو ولایەتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرتر بوو داوایان دەکرد لە بەر زۆری ژمارەی دانیشتوانیان پێویستە لە کاروباری حکومەتیشدا رۆڵی زیاتریان هەبێت، ئەوەش نارەزایی ولایەتە بچوکەکانی لێکەوتەوە. پرسیاری سەرەکی بۆ نوێنەران ئەوەبوو چۆن بگەن بە رێکەوتن؟

## بنەما گشتیەکانی دەستوری ئەمریکا

نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن سەبارەت بە دوو مەقولە کە بەردی بناغەی حکومەت خاوەن بیروبۆچوون بوون. ئەو دوو مەقولەیەش بریتی بوون لە بیرکردنەوەو باوەڕە سیاسیەکان و بیرکردنەوەو باوەڕە پەیوەندی دارەکان بە دەستور. واتە ئەوان سەبارەت بە چۆنێتی حکومەت و ئەو دەستورەی کە حکومەت پەیڕەوی لێدەکات خاوەنی کۆمەڵە مەرجێک بوون.

**مەرجەکانی نوێنەران بە گشتی بریتی بوون لەمانە:**

١- هەندێک یاسا هەن کە لەسەر ئاستی جیهاندا کاریان پێدەکرێت، چونکە ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی مرۆڤەکان وعەقڵگەرایی. ئەو یاسایانە ناکەونە ژێر کاریگەری کات و شوێنەوە. ئەو یاسایانە بریتین لەو یاسایانەی کە لە چوارچێوەی مافە سروشتیەکانیی مرۆڤدا هەن و مرۆڤ هەرکە لە دایک بوو ئەو مافانەی هەیە و دەبێت حکومەت لە پێناوی دابین کردنی ئەو مافانەدا کار بکات نەک پێشێلکردنیان

٢- سروشتی مرۆڤ پێک دێت لە کۆمەڵێک لایەنی باش و خراپ. مرۆڤ توانایەکی زۆری بۆ خراپەکاری و لە هەمان کاتدا توانایەکی زۆریشی بۆ کاری باشە تێدایە. بۆیە پێویستە حکومەت بە شێوەیەک رێک بخرێت کە بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا رێگە بە توندو تیژی و دەست درێژی و پێشیل کردنی مافەکانی ئەوانی تر بدات. مرۆڤ کامڵ نییە. مرۆڤ هەرچەندە حەزی لە ئازادی و لۆژیک و خۆشەویستی هەیە، لە هەمانکاتدا حەزی لە خۆپەرستی و هەڵچون و خۆسەپاندن هەیە. لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان دامودەزگاکانی حکومەت بەڕێوە دەبەن، بۆیە دەبێت رێگە بە دەرکەوتنی خۆوە نا مرۆڤانەکانی کەسەکان نەدرێت.



سەرچاوە
Serchawe

٣- حکومەت هەڵقوڵاوی خواستی خەڵکە. خەڵکی کۆمەڵگاکەو دەسەڵاتدارەکانیش کە پێک هێنەری ئەو کۆمەڵگایەن، کۆ دەبنەوەو بە پێی ڕێکەوتنێک کە ئەرک و بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکان لە خۆ دەگرێت، حکومەتێک پێک دەهێنن. ڕەزامەندی خەڵک بنچینەی ئەو ڕێکەوتنامەیەیە، شەرعیەت دەداتە حکومەت.

٤- لەبەر ئەوەی خەڵک گیان بە بەری پێکهاتەی حکومەتدا دەکات، کەواتە ئەرکی حکومەت بریتیە لە ڕەخساندنی هەلومەرجێک کە خەڵکەکە تێدا بتوانن بە باشترین شێوە سود لە مافە سروشتیەکانی خۆیان وەرگرن.

٥- حکومەت دەبێت لە سەر بنەمای کۆماری بێت و نوێنەرانی خەڵک لە دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکیان دانانی ئەو یاسایانەیە کە خواستەکانی خەڵک بەدی دەهێنێت.

٦- هەرکاتێک و لەبەر هەر هۆیەک کە خەڵک پێیان وابێت حکومەت ڕێزی لەو پەیمانەی کە داویەتی نەگرتوە دەتوانن حکومەت بگۆڕن.

### مەرجەکانی دەستوری ئەمریکا

**نوێنەرە ئامادەبووەکانی ناو کۆنڤانسیۆنەکە لە هەمان کاتدا کۆمەڵە مەرجێکیان سەبارەت بە دەستور هەبوو کە بریتی بوون لە:**

١- دەبێت حکومەت سنوردار بێت. سنوردارە لە ئامانج، ماوەی دەسەڵاتدارێتی و ڕادەی دەست تێوەردانەکانی.

٢- دەبێت حکومەت سادە بێت. سادە بێت لە پێکهاتەو کارەکانی. حکومەت دروست دەکرێت چونکە خەڵک وای دەوێت، بۆیە پێویستە خەڵک بزانن حکومەت چی دەکات و چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدات.

٣- دەبێت حکومەت لە سەر بناغەی کۆمەڵە یاسایەک دروست بکرێت. دەبێت ئیمپراتۆریەتی یاسا بەسەرخەڵکدا زاڵ بێت نەک ئیمپراتۆریەتی کۆمەڵە خەڵکێک. لەبەر ئەوەی یاساکان خواست و ویستی خەڵکەکەیەو لە لایەن نوێنەرانی ئەوانەوە دارێژراوە، بۆیە پێوەرە بۆ هەموو کردارێک. واتە حکومەت دەبێت لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە دەرکراون، کار بکات.

٤- حکومەت دەبێت لە خەڵکەوە نزیک بێت و ئەو نزیکەیەش تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانەوە سەردەگرێت.

حکومەت دەبێت بە پێی ویستی خەڵک هەنگاو هەڵنێت.

٥- بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان لە یەک شوێن کۆ نەکرێنەوەو رێگە بە پێشێل کردنی مافەکانی کۆمەڵگا نەدرێت، دەبێت دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن. ئەوەش لە رێگەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر جێبەجێ دەکرێت. دانانی یاسا لە ئەستۆی دەسەڵاتی یاسادانانە، جێبەجێکردنی یاسا لە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و راڤە کردن و شیکردنەوەی یاساکانیش لە ئەستۆی دەسەڵاتی دادوەرییە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ کام لەو دەسەڵاتانە نەتوانن لە رێگەی رادەی خۆشەویستی و پلەو پایەی بەرپرسەکانیانەوە خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن.

٦- بە تەنها جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر بەس نییە، بەڵکو پێویستە بۆ ئەوەی گەندەڵی دروست نەبێت، ئەو دەسەڵاتانە چاودێری یەکتری بکەن. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی نەکرێتە بیانو بۆ دامەزراندنی کەسانی بێ کەڵک وبێ تواناو نەگونجاو لە پۆستەکاندا. چاودێری واتە سەرۆک کۆمار نەتوانێت کێی بوێت بیکات بە وەزیر، راستە تەنها ئەو مافی دانانی وەزیری هەیە و دەسەڵاتی یاسادانان مافی ئەوەی نییە یاسایەک دەرکات کە تەنیا لەبەرژەوەندی حزبێکی دیاریکراو بێت و بێ ئەوەی بەرژەوەندی و مافی گروپەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت. کەواتە بوونی چاودێر هاوسەنگی بە کارەکانی حکومەت دەبەخشێت.

## بەشی هەشتەم

### دوو شەیتان دژی سیستمی کۆماری

بە لەبەر چاوگرتنی کۆمەڵێک گریمانەی سیاسی ودەستور دەگەینە ئەو بۆچونە گرنگەی کەوا نوێنەرانی بەشداربوو لە کۆنڤانسیۆن زۆر مەبەستیان نەبوو لە ئەمریکادا دیموکراسیی هەبێت، بەڵکو دەیانویست فیدرالیزمێک لە چوارچێوەی کۆمارێکدا دروست بکەن. لە دیموکراسیدا لۆژیکی بالادەست دەسەڵاتی زۆرینەیە، واتە کێ زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت. بەڵام لە فیدرالیزمدا کێشەی سەرەکی ژمارەی دەنگەکانە.

لە فیدرالیزمدا کێشەکە لەوەدایە دەبێت دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن، بەڵام لە دیموکراسیدا پێویستە زۆرینە دەسەڵات بگرێتە دەست و چەوسانەوەی زۆرینە شتێکی سروشتیە. زۆرترین ژمارەی دەنگ واتە گرتنە دەستی دەسەڵات. هەرکەسێک یان دەستەو تاقمێک گەر زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، دەتوانێت بیرو بۆچوونی خۆی پیادە بکات. کەواتە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئەوانەی لە ریزی کەمینەدان تەنیا لەبەر ئەوەی لە رووی ژمارەوە لاوازن، مافەکانیان پێشێل بکرێت.

بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی ئۆروپا و بازرگانی سەردەمی موستەعمەراتی و ئەو شارەزاییە کەمەی کە لەبارەی تیۆرییە سیاسییەکان هەیانبوو، ئەو ئەندامانەی کە لە کۆنڤاسیۆنەکەدا ئامادە بوون نەیاندەویست حکومەتێکی مەرکەزی لەسەر ئەساسی دیموکراسیەتی ئەسینا بونیاد بنێن. نوێنەران هیچ ئاگایان لە بۆچونەکانی ژان ژاک رۆسۆ نەبوو، داوای پەیڕەوی کردن لە شۆڕشی فەرەنساشیان نەدەکرد. پێیان وابوو دوو شەیتان هەڕەشە لە حکومەتی کۆماری دەکات. یەکێک لەو شەیتانانە چینایەتی بوو، شەیتانی دووهەمیش بریتی بوو لە دەسەڵاتی زۆرینە کە دەبێتە هۆی چەوسانەوەی کەمینە.

ئەوان سێ ڕێگەیان لەبەردەمدا بوو. یەکەمیان درێژەپێدان بە سیستمی حکومەتی کۆنفدراسیۆن کە تێدا دەسەڵاتی مەرکەزی بۆی هەیە باج وەرگرێت و سوپایەکی هەبێت. دووهەم حکومەتێکی مەرکەزی زۆر بەهێز کە لە مەرکەزەوە ئیدارەی وڵات بکات. سێیەم دروستکردنی سیستمی فیدرالیزم. لەبەر ئەو ئەزموونەی کە پێش و پاش سەربەخۆیی هەیانبوو، مەیلی نوێنەرەکان زیاتر بەرەو لای فیدرالیزم دەچوو. لە حکومەتێکی دیموکراتیداکە دەسەڵات بە دەست زۆرینەوەیە، پێشێلکردنی مافی کەمینەکان لەبەر کەمی لە رووی ژمارەوە شتێکی حەتمیە.

لەم سیستمەدا سیستم بەرقەرار دەبێت، بەڵام لە پێناوی بەرقەرارکردنیدا ماف و ئازادیەکانی تاک پێشێل دەکرێت. بەرژەوەندی گشتی لەسەروی ئازادیەکانی تاکدایە. رۆسۆ دژی ئەم شێوازی حوکمڕانیە بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو هەرگیز لە ئەمریکا وەک فەیلەسۆفێکی سیاسیی رێزی لێنەگیراوە.

بەڵام جۆن لۆک و منتسیکۆ پێیان وابوو کە دەکرێت زۆرینە لە دەسەڵاتدا بێت و کەمینەش سودمەند بێت لە یاساکانی. هەروەها پێیان وابوو سیستم و ئازادی پێچەوانەی یەکدی نین. بۆچونی ئەم فەیلەسۆفانە بە لای ١٣ ولایەتەکەی ئەمریکا پەسەند بوو.

لە فەرەنسا سیستمی کۆماریەت لە هەناوی دژایەتی کردنی چەوسانەوە سەری هەڵدا. بەڵام لە ئەمریکا لە ئەنجامی شەڕی سەربەخۆخوازان و دەسەڵاتی پەرلەمانی بریتانیا، سیستمی کۆماریەت دەرکەوت. بۆیە دەرهاویشتەی جیاواز سەری هەڵدا. وەک چۆن هانا ئارنت دەڵێت «ئەوانەی دەیانەوێت رابردوو تێک بدەن، دوایی خۆیان ئەکەونە ژێر کاریگەریەکەیەوە، بە شێوەی جیاو روخساری دیکە ئەوەی تێکیان داوە دوبارە دروستی دەکەنەوە». سەربەخۆ بوونی ئەمریکا لەبەر ئەوەی لە گەڵ دوژمنێک بەناوی دەسەڵاتی پەرلەمانی ناکۆکی هەبوو، زۆر ئاساییە لاسایی ئەو «ئازادی»ە بکاتەوە کە لە بنەڕەتدا خواستی پەرلەمان و دەسەڵاتی بریتانیا بوو.

ئامانجی سەرەکی بوو بەوەی حکومەتێکی کۆماری دروست بکرێت کە تێدا زۆرینە دەسەڵاتیان لە دەستدا بێت. ئازادیەکانیش

لە چوارچێوەیەکدا ڕێک بخرێن. چەمکی «ئازادی ڕێکخراو» جێگەی پەسەندی هەموان بوو. واتە دەکرێت هەم ئازادی و هەمیش سیستەم بەرقەرار بکرێت. ئەم شێوازە تایبەتە لە کۆنڤاسیۆندا داهێنرا. ئەم شێوازی فیدرالیزمە داهێنانێکی ئەمریکایی بوو، لە گەڵ تایبەتمەندیەکانی ئەو وڵاتەدا دەگونجا. بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو مەسەلەیە خرایە بواری پراکتیکیەوە؟

### نایەکسانی، یەکسانیە

نوێنەران بە پێی بەرژەوەندی ولایەتەکانیان و بیرو باوەڕە شەخسیەکانیان، لەسەر سێ مەسەلەی گرنگ وتوێژیان دەکرد. هەرچەندە بابەتەکان زۆر ئاڵۆز بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوانیاندا نەبوو، لە کۆتاییدا گەیشتنە دەرئەنجامێک کە هاوتەریب بێت لە گەڵ بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان.

سەبارەت بە رادەی دەسەڵاتی حکومەت، هەمویان لەو باوەڕەدا بوون کە شێوازی کونفدراسیۆن گونجاو نییە و بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێداویستێکی حاشا هەڵنەگرەو هەلومەرجی نێونەتەوەیش وادەخوازێت هەموو سەرچاوە و تواناکان بخرێتە خزمەتی پەرەپێدانی ئابوری. دوای وتوێژێکی دورودرێژ ئاشتی سەری گرت. بۆ سەرخستنی ئاشتیش پێویستە خواستەکانی هەردوولا بێتەدی.

بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش واتە خواستی هیچ لایەنێک بە تەواوەتی جێبەجێ نەکرێت و هەموو لایەنەکان پێیان وابێت باشترین دەسکەوتیان بەدەست هێناوە. زۆرینە بگاتە خواستەکانی، بەڵام کەمینەش پێی وا بێت بێ بەش نەکراوە. ئەوە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی کۆنگرە بوو. لەبەر ئەوەی لۆژیک حکومی ئەوەی دەکرد کە دەبێت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەبێت، بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاردرا حکومەتی مەرکەزی مافی دابین کردنی پێداویستە داراییەکانی خۆی لە ڕێگەی وەرگرتنی باج هەبێت و بۆیشی هەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی سوپایەکی هەبێت.

بۆ ئەوەی ترسەکانی ولایەتە بچوکەکان برەوێنرێتەوە، بڕیاردرا کە مادەکانی یەک بۆ دەی دەستوری هەمیشەی ئەمریکا، ئازادیەکانی تاک دابین بکات و پێشل کردنیان بە هەر بیانویەک بە پێشێل کردنی دەستور لە قەڵەم بدرێت. مانیفێستی مافەکان وەک بەشێک لە دەستوری هەمیشەی دەنگی لەسەردرا.

دەستوری هەموو موستەعمەرەکان و دواتر ولایەتەکان، مەسەلەی پاراستنی مافەکانیان تێدا بوو. هەروەها بە درێژی باسی ئازادیەکانی تاکیان تێدا تۆمارکرابوو. لە ڤێرجینیا ئەو مانیفێستە بەشێکی جیای دەستور بوو، دواتر ئەو شێوازە بوو بە

نمونە بۆ هەموو ولایەتەکان. ولایەتە گەورەکان گەیشتنە خواستی خۆیان کە بریتی بوو لە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، لە هەمان کاتدا ولایەتە بچوکەکان ئەوەیان دەست کەوت کە ماف و ئازادیەکانی تاک پارێزراو بێت.

مەسەلەیەکی تری جێی ناکۆکی کە چارەسەری گونجاوی بۆ دۆزرایەوە بریتی بوو لە مەسەلەی بازرگانی لە نێوان ولایەتەکان لە نێوان خۆیانداو ولایەتەکان و وڵاتانی بێگانە. بە ئاشتبونەوەی نێوان هەردوولا بەرژەوەندی و خواستەکانی هەردولا دابینکرا. هەموان دەیانزانی بە بێ بوونی بونیادێکی مەرکەزی بۆ پێشخستنی بازرگانی، ناتوانرێت لە هەموو ولایەتەکاندا وەک یەک ئابوری پێش بکەوێت و ناتوانرێت لە سەر ئاستی نێونەتەوەیشدا ململانێ بکرێت. بۆیە ئەو خواستەی ولایەتەکانی باکور کە پێیان باش بوو حکومەتی مەرکەزی رێکخەری کاروباری بازرگانی بێت، پەسەندکرا.

بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی نەبێتە هۆی لاوازبوونی ولایەتەکانی باشور کە داهاتیان بەسترابووەوە بە ناردنەدەرەوە، بڕیاردرا لە ژێر کاریگەری هیچ هەلومەرجێکدا حکومەتی مەرکەزی بۆی نەبێت باج لەسەر ناردنەدەرەوە دابنێت. بەرژەوەندیە سەرمایەدارییەکان وایان دەخواست بازرگانی لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسایەکی یەکساندا رێک بخرێت، بۆ ئەوەی پەرەپێدانی ناوخۆیی کە زۆرترین قازانجی بۆ بازرگانان هەبوو، گەشە بسێنێت. چینی سەرمایەدار دەیانویست کۆمەڵگایەکی سەقامگیر هەبێت، ئەو ویستەش لە یەکپارچەیی پەیوەندیە بازرگانیە ناوخۆییەکاندا دەهاتەدی.

بۆ ئەوەی بتوانرێت پەرەپێدانی ناوخۆیی دروست بکرێت، پێویست بوو پێکهاتەی حکومەت بە شێوەیەک بێت کە بتوانێت لە لایەک لە رێگەی بڕیاردانەوە دەستڕاگەیشتن بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بۆ ئەو چینە سەرمایەدارەی کە بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕا فەراهەم بکات و لە لاکەی ترەوە لە رێگەی سیاسەتێکی ئابورییەوە رێگە بگرێت لەوەی کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی دەرەوە ململانێ لە گەڵ بەرهەم هێنەرە ناوخۆییەکاندا دروست بکەن. کۆیلەداری باشور وسەرمایەداری باکور هەرچەندە هەریەکەیان بەدوای بەرژەوەندی جیاوازدا بوون، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەی کە باشترین شێوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکان بریتیە لەوەی هەردوولا بونی ئەوی تر بسەلمێنێت و سەرچاوەی لێک نزیکی بریتیە لە وەی ئازادی بەنرخترین کاڵایەو ئازادیش تەنها لە بونی سیستمدا دەکرێت وجودی هەبێت. ئەوەش بوو بە بناغەی ئاشتەوایی لە نێوانیاندا.

بەڵام ئەوەی کات و سەرنج و قەیرانە تێوریەکانی درێژو قوڵتر کردەوەو کاریگەریەکی راستەوخۆ و ریشەیی لە سەر ژیانی سیاسیی و پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان و پێگەو شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار هەبوو، بریتی بو لە ژمارەی ئەندامانی ولایەتەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان وپێگەی ئەو دەسەڵاتە لە سیستمی حوکمڕانی وڵاتەکەدا. دواتر ئەوە رەنگدانەوەی هەبوو لە سەر پلەوپایەی سەرۆک کۆماردا.

زۆربەی هەرە زۆری كۆیلەكـان لە ولایەتەكـانی باشـور بـوون، (١٥٨ كەس لە نیوهمشـایر، ٩٨٤ كەس لە ودێیلنـد، ٢٧٦٤ كەس لە كانتـاكی، ٢١٣٢٤ كەس لە نیویـورك، ١١٤٢٣ كەس لە نیوجرسـی، ٣٧٣٧ كەس لە پنسیلڤانیا، ٨٨٨٧ كەس لە دلڤـر، ١٠٣٠٣٦ كەس لە مریلنـد، ٢٩٢٦٢٧ كەس لە ڤیرجینیـا، ١٠٠٥٧٢ كەس لە كارولینـای بـاكور، ١٠٧٠٩٤ كەس لە كارولینای باشور و ٢٩٢٦٤ كەس لە جورجیا) ئەو كۆیلانە بە بەشێك لە دانیشتوان حسێب نەدەكران، بـۆیە ئەو ولایەتـانە داوایان دەكرد ژمارەی ئەندامان بە پێی ژمارەی دانیشتوان دیاری بكرێت.

## بەشی نۆیەم

### بەشی دووەمی

### نایەكسانی، یەكسانیە

ولایەتەكانی باشور و ئەو ولایەتـانەی كە ژمارەی دانیشـتوانیان كەم بـوو، پێیـان وابـوو لەم حـاڵەتەدا یاسـاكان هەمیشـە لە بەرژەوەندی ولایەتەكانی بـاكوردا دەبێت. ئەبێت ئەوەش بـزانین هەم ولایەتەكـانی باشـور و هەم ولایەتەكـانی بـاكور لەبەر بەرژەوەندی خۆیان حەزیان بە سەرژمێری نەبوو، واتە مەسەلەكە بـۆ پاراسـتنی دیموكراسـی نەبـوو، بەڵكـو بـۆ دابین كردنی بەرژەوەندیەكان بوو. بۆیە لەسەر ئەوە رێكەوتن كۆیلەكانیش وەک مرۆڤ حسـابیان بـۆ بكرێت، بەڵام هەر ٥ رەش پێسـت بە ٣ كەس حسـێب دەكـران. ئەو رێكەوتـنە بە رێكەوتنـامەی ٥ بەرامبەر ٣ ناسـراوە. لە ئەنجامـدا ژمـارەی ئەنـدامانی دەزگـای یاسادانان بە پێی ژمارەی دانیشتوان دیاری كرا.

بۆ ئەوەی مافی یەكەی جوگرافیایی واتە مافی ولایەتەكان دابین بكرێت، بە مانـایەكی دیكە هەر یەكەیەكـی جوگرافیـایی بە بـێ لە بەرچـاوگرتنی قەبـارەو ژمـارەی دانیشـتوان لە رووی ئیمتیـازەوە یەكسـان وبەرامبەر بـن و لە گەمە سیاسییەكانیشـدا رۆڵیان هاوشێوەی یەكتر بێت، بڕیاردرا دەسەڵاتی یاسا دانـان پێک بێت لە دوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی سینا. هەر ولایەتێک بە لەبەرچـاوگرتنی ژمـارەی دانیشتوانەكەی نوێنەری هەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام لە ئەنجومەنی سینا ژمـارەی دانیشـتوان نەبێـتە پێـوەر، بەڵكـو لە لایەن دەسـەڵاتی یاسـادانانی ئەو ولایەتەوە دوو كەس وەک سیناتۆر بـۆ ئەنجومەنی سیناتۆرەكانی ئەمریكـا دیـاری بكرێـت. كەواتە لە نوسینەوەو بڕیـاردان لەسـەر یاسـاكان تەنهـا پێـوەر بۆچـونی كەسەكان نییە، بەڵكو دەبێت بۆچونی ولایەتەكانیش لەبەرچاو بگیرێت.

یەكەی مـرۆڤ لە پـاڵ یەكەی جوگرافیـایی بـوون بە پێـوەر بـۆ دەركردنـی یاسـاكان. هەر لەبەر ئەوە مەسـەلە گـرنگەیە لە دیموكراسیەكەی ئەمریكادا « هەر كەسێک و دەنگێک نییە»، چونكە لە ئەمریكا ولایەتەكانیش خـاوەن دەنگن. بـۆیە دەبینی

سیستمی حکومڕانی ئەمریکا «سیتمێکی ئاوێتەیە» واتە هەندێک لە سیستمەکانی حکومەتی ئەمریکا پشتی بە چەمکی حکومەتی زۆرینە بەستووە.

دواتر بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتە بڕیار درا بۆ هەر ۳۰ هەزار کەس یەکێک ببێتە نوێنەر لە ئەنجومەنی نوێنەران. دواین دەرئەنجامی وتوێژەکانی ئەوەی لێکەوتەوە کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن بە پێی ژمارەی دانیشتوان بێت و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پێوەرێکیش دوو کەس وەک سیناتور ئامادە بن.

## دژی حکومەتی زۆرینە

ئەو سێ ڕێکەوتنە ئەوەی دەرخست کەوا نوێنەرانی ئامادە بوو لە کۆنڤاسیۆنەکە بە تەواوەتی لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێت سیستمێکی حکومڕانی دروست بکەن جیاواز بێت لە سیستمەکانی دیکەی حکومەت. بەربڵاوی ئەمریکا، ئەزمونی سەربەخۆیی موستەعمەرەکان لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتی بریتانیا و قۆڵی بەها لیبراڵەکانی، هەر هەموو ئەوانە وایان دەخواست لە شێوەی حکومەتدا داهێنانێک ئەنجام بدرێت. نوێنەرانی ئامادەبوو لەو کۆنڤانسیۆنەدا بە پێی ئەو باوەڕە کاریان کردکە دەسەڵات هی خەڵکە، بۆیە پێیان وابوو دەبێت خەڵک لە پێشەوە بێت.

بەڵام ئەوەی لە کۆنڤانسیۆنەکەدا ئەنجامدرا و داهێنانیان تێدا کرا، هەمان ئەو هەموارکردنەی چەمکی دەسەڵاتدارێتی بوو لە ڕێگەی میکانیزمی سنوردارکردنی حکومەتی زۆرینە. بە هۆی ئەو ئەزمونەی کە لە قۆناغی موستەعمەرە بە دەست هاتبوو هەروەها ئەو ئەزمونەی دورودرێژەی لە ئۆروپا هەبوو، ئەو باوەڕە پەیدا ببوو کە مرۆڤەکان خاوەنی کۆمەڵێک مافی سروشتین و لە حاڵەتی بوونی حکومەتی زۆرینەی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها ئەو مافانە دەبنە یەکەمین قوربانی. پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافە سروشتیەکان خوازیاری سنوردارکردنی دەسەڵاتن.

کەواتە دەبێت دەسەڵاتی حکومەت سنوردار بکرێت. ئەوە هەمان ئەو لۆژیکەبوو کە لە ساڵی ۱۲۱۵ بوە هۆی ڕاگەیاندنی مانیفێستی «مگنار کارتا». هەرکاتێک زۆرینە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بێت، چەوسانەوە باڵادەست دەبێت. کەواتە با زۆرینە دەسەڵاتی هەبێت، بەڵام دەسەڵاتەکە کێشەو ململانێکان و ئەو یاسایانەی دەری دەکات دەبێت لە سەر بنەمای ئازادی و مافی بوون و مافی خاوەندارێتی و مافی گەڕان و خۆشگوزەرانی بێت. ڕەفتاری زۆرینە دەبێت لە پێناوی پاراستنی ئەو مافانەدا بێت، با کەمینە لە ڕووی ژمارەوە پاشکۆ بێت، بەڵام لە ڕوانگەی بونی ئەو مافانە و دابین کردنیان مافی یەکسانی هەیە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستیە بوو کە کۆنڤانسیۆنی دانانی دەستور باوەڕی بەوە هەبوو کە وڵاتێکی کۆماری دروست بکرێت کە نوێنەران تێدا هەم یاسا دانەر بن و هەمیش چاودێر بن و دەسەڵاتەکان لێک جیا بن هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی سینا رۆڵی یەکسانیان هەبێت بۆ رازی کردنی ولایەتەکان لە کاتی دانانی یاساکاندا. لە ئەمریکا دیموکراسی بە مانای دەسەڵاتی زۆرینە نایەت، بەڵکو کۆمارییە، بەڵام کۆمارییەکی تایبەت کە دەبێت ناوی لێبنێن «کۆماری ئاوێتە»یی. ئەوە بەو مانایە دێت کە دەسەڵاتەکان لە هەموو ئاستە جیاکاندا دابەش کراوە.

حکومەتی ولایەتەکان خاوەنی دەسەڵاتن، لە هەمانکاتدا حکومەتی مەرکەزیش خاوەنی دەسەڵاتە. لە هەموو دەسەڵاتەکان ئاستەکاندا دابەشکراوون.

واتە هەر سێ دەسەڵاتەکە لە هەموو ئاستێکدا خاوەنی دەسەڵاتن.

**یەکەم**: ئەم شێوازە لە کۆماریەت دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو ئاستەکانی حکومەت کۆنترۆڵی یەکتر بکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرکەکان بە پێی ئەو یاساو رێسایانەی کە دانراون جێبەجێ بکرێت،

**دووەم**: لەبەر ئەوەی هەموو دەزگاکانی دیکەی حکومەت لە ناوخۆیدا دابەش کراوە، بۆیە کۆنترۆڵێکی ناوخۆییش لە ناو خودی دەزگاکاندا بەسەر یەکەوە دروست دەبێت.

**سێیەم**: لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی دوو لایەنە هەیە، بۆیە مافەکانی هاوڵاتیان لە دوو لاوە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پارێزراوە.

لە راستیدا رابەرانی ئەمریکا تیۆرییەکەی هابزیان قەبوڵ کرد کە دەیوت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز هەبێت، بەڵام خاوەن ددانی عەقڵ بێت بۆ ئەوەی نەبێتە دەسەڵاتێکی رەها. ئەو حکومەتە زۆر بە توندی لە ژێر چاودێریدا بوو، بەڵام حکومەتێکی کارابوو.

بە دڵنیاییەوە گرنگترین شتێک کە ناوەڕۆکی سیستمی فیدرالیزمدا لە لایەن نوێنەرانەوە داهێنرا، چۆنێتی دانانی سەرۆک کۆمار بوو،

بە مانایەکی دی چۆنێتی دروست کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. ٣٩ کەس لەو ٥٥ کەسەی کە ئیمزایان لە سەر دواین

نوسراوی کۆنڤانسیۆنەکە کرد، ستراکتۆرێکیان بۆ دانانی سەرۆک کۆمار دیاری کرد کە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا نمونەی نەبوو، لە هیچ شوێنێکی دونیاشدا ناتوانرێت پراکتیزە بکرێت.

سیستمی فیدرالیزمی ئەمریکا تەنها لە حاڵێکدا دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات کە ئەو شێوازە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پیادە بکرێت، بە دەر لەوە بە هیچ شێوەیەک زەرورەتی بەشداریی کردنی ولایەتە بچوکەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا نامێنێت. هەر لەبەر ئەوەبوو لە کۆنڤانسۆنەکەدا ئەو شێوازە بۆ دیاریکردنی سەرۆک کۆمار هەڵبژێرا. لە کاتی بەستنی کۆنڤانسیۆنەکەدا نزیکەی ٤٥% سپیی پێستەکانی ئەمریکا لە هەر سێ ولایەتی ڤیرجینیا و پنسیلڤانیا و ماساچویست دەژیان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنها سپی پێستەکان و لە ناو سپی پێستەکانیش تەنها سپی پێستە خاوەن موڵکەکان دەیانتوانی بەشداری هەڵبژاردن بکەن، تێدەگەین بۆ هەر لەسەرەتاوە ولایەتە بچوکەکان دەیانویست سیستمێکی تایبەت و جیاواز هەبێت بۆ دیاریکردنی سەرۆک کۆمار.

## بەشی دەیەم

### پێنج پلان بۆ کۆماریی

بۆ دیاریکردنی حکومەت لە کونڤانسیۆندا پێنج پلان خرایەڕوو. بۆیەکەم جار لە ٢٩ مانگی ئەیار پلانێکی نوسراوی «جیمز مدیسۆن» لە لایەن حاکمی ولایەتی ڤیرجینیاوە خرایەڕوو. پلانەکە باسی لە شێوازی دیاریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکرد و وای دانابوو کە گۆنگرە دەبێت بۆ خولێک سەرۆک یان سەرۆکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاریکات.

ناوەڕۆکی ئەم پلانە لە بەرژەوەندی ولایەتە گەورەکاندا بوو، ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی هەبوو، دەیویست ولایەتەکان ژێردەستەی دەسەڵاتی مەرکەزیدا بن. هەربۆیە ولایەتە بچوکەکان دژی پلانەکە بوون. لە ١٥ مانگی کانونی یەکەم ویلیام پترسۆن پلانی نیوجرسی خستەڕوو. ولایەتە بچوکەکان لە بەر ئەوەی پلانەکەی ڤیرجینیا بە تەواوەتی لەبەرژەوەندی ئەو ولایەتانەدا بوو کە دانیشتوانیان زۆرە، بڕیاریاندا بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن. دەسەڵاتی یاسادانان بوو بە بەرپرسیی دانانی دەستەیەکی جێبەجێکار. ئەو گروپە کە لە چەند کەسێک پێک هاتبوون بۆ یەک خول هەڵدەبژێرێن و هەر کاتێکیش زۆرینەی فەرمانداراانی ولایەتەکان بڕیاربدەن دەتوانن ئەو دەستەیە لەکار بخەن.

ئاشکرا بوو ئەو پلانە بەلای ولایەتە گەورەکانەوە پەسەند ناکرێت، چونکە بە کردەوە دەبووە هۆی ناکارایی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. ڕێکنەکەوتنی ولایەتە بچوک و گەورەکان بوو. بە هۆی ڕێکنەکەوتن لە سەر پلانەکەی ڤیرجینیاو نیوجرسی، واتە دەبوو پلانێک بخرێتەروو کە جێگەی پەسەندی هەردو لایان بێت. دەبوو هەڵبژاردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن



سەرچاوە
Serchawe

بە شێوەیەک بێت لە لایەک بە رای زۆرینە بێت و لە لاکەی دیکەش بە شێوەیەک بێت کە ولایەتەکان بە دەر لە گەورەیی و زۆر و کەمی دانیشتوانەکانیان، بە یەکسانی رۆڵیان هەبێت لە بەگەڕخستنیدا.

دەبێت لە لایەک دیموکراسی کە بنەمایەکی سەرەکی و سەرچاوەی دەسەڵاتی خەڵکە و لە لایەکەی دیکە فیدرالیزم کە ولایەتەکان دەکاتە یەکەیەکی هەڵبژاردن بپارێزرێت. سیستمی فیدرالیزم لە سەر ئەو بناغەیە دروست دەبێت کە لە پاڵ بنەمای دانیشتوان، بنەمای جوگرافیش رۆڵی خۆی لە پێکهاتەی حکومەتدا دەگێڕێت. دیموکراسیی جەخت لە سەر تاکە کەس دەکات، بەڵام فیدرالیزم هەم بۆ تاک و هەم بۆ جوگرافیا رۆڵ دیاری دەکات.

لەو پێنج پێشنیارەی کە خرابوونەروو تەنها پێشنیاری ڤیرجینیا و نیوجرسیی شایانی ئەوەبوون کە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام لەبەر رێک نەکەوتن لەسەریان، سەرنجی نوێنەرانی راکێشا بۆ ئەوەی دەبێت دەست بکەن بە ئامادەکردنی سیستمێک کە رەزامەندی لایەنگرانی ئەو دوو پێشنیارە رەد کراوە بەدەست بهێنن. کۆ دەنگیەک هەبوو لەسەر ئەوەی ناکرێت هەموو پێشنیارەکان لەسەر دیموکراسیی پیادە بکرێت.  رێکەوتنێک نەبوو سەبارەت بە یەکسانی سیاسیی و دەسەڵاتی زۆرینەو بەرپرسیارێتی حکومەت بەرامبەر بە خەڵک و بەشداریی کردنی هەموو ئەوانەی مەرجی بەشداریکردنیان تێدایە لە هەڵبژاردنەکاندا.

نوێنەری ولایەتە بچوکەکان پێیان وابوو ئەو تێڕوانینە بۆ دیموکراسیی واتە پێشێل کردنی مافی کەمینەکان. لە پاڵ ئەم تێڕوانینە بۆ دیموکراسیی خودی تیۆری دیموکراسییش کەوتە قەیرانەوە. ئەم تێگەیشتنە لە دیموکراسیی بە پێچەوانەی پێوەری پێشوی دیموکراسیی بوو کە خواستی زۆرینەی دەکردە مەرج. لەم تیۆرییەی دیموکراسیدا ئازادیە مەدەنییەکانی وەک ئازادی ئاینی و رادەربڕین و مافە مەدەنیەکانی وەک یەکسانی لەبەرامبەر یاسای دەکردە ئەرکێکی سەرەکی حکومەت.

بەڵام بۆچونێک هەبوو کە پێی وابوو تێڕوانینێکی لەو شێوە بۆ دیموکراسیی کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر ئەرکەکانی حکومەت لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا. لە پاڵ ئەو راستیەدا  دوو مەقولە هەبوو کە دەبوایە بە چاوی پۆزەتیڤەوە لێی بڕوانرێت و ببێتە بنەمایەک بۆ رێکەوتن. دەبێت خەڵک رۆڵی دیاریان هەبێت لە بەخشینیی مەشروعیەت بە دەسەڵات.  بابەتێکی دیکە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ولایەتەکان بۆ ئەوەی بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێت بۆ ئامادەبوون لەو فیدرالیزمە، وەک چۆن لە ستراکتۆری دەسەڵاتی یاسادانانەدا رۆڵیان هەیە، پێویستە وەک یەکەیەکی جوگرافی رۆڵیان هەبێت لە دیاریی کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دوو مەسەلەیە بوو کە رێکەوتنە گەورەکە دروست بوو و پێشنیاری کنتاکی خرایە روو. رۆجیر شرمن

کە یەکێک بوو لە ئەندامانی نوێنەرانی کنتاکی ئەم پێشنیارەی وەک چارەسەرێکی ناوەڕاست خستەڕوو. سەبارەت بە بابەتی چۆنێتی دیاریی کردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کێشەی سەرەکی ئەوە بوو لە نوێنەران بە هۆی ئەزموونی سەردەمی موستەعمەراتدا کە فەرمانڕەواکان لە لایەن بریتانیاوە دادەنرا ن و ڕۆڵی سەرەکیان هەبوولە چەوسانەوەو پێشێل کردنی ماف و ئازادی بەرهەڵستکاران، دەترسان لەوەی شێوەیەکی دیکەی چەوسانەوە لە ژێر پەردەی دیموکراسیدا بێتەئاراوە.

لە پێشنیارەکە ڤیرجینیاو نیوجرسی ئەرکی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن درابوو بە دەسەڵاتی یاسادانان، ئەوەش رادەی بێ متمانەی نوێنەرانی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و متمانەی زۆر بە دەسەڵاتی یاسادانان دەردەخست. بەڵام بە هۆی مەسەلە ئابوری و ئەمنیەتی ناوخۆیی و بە هۆی پابەند بوون بە فەلسەفەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر و چاودێری کردنی هەریەکەیان بۆ سەر ئەوەی دیکەیان، هیچ ڕێگە چارەیەک جگە لە بوونی دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی سەربەخۆ و بەهێز نەبوو.

پێشنیارەکەی کنتاکی چارەسەری بۆ سێ مەسەلەی گرنگی وەک هەڵبژاردنەوەی دوبارەی سەرۆک کۆمارو ماوەی سەرۆک کۆماری و شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، خستبووە روو. پێشنیارەکەی کنتاکی قەبوڵ کرا و لە ئەنجامدا سیستمێکی زۆر تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئەمریکا داهێنرا. ئەو داهێنانە پێویست بوو چونکە سیستمی فیدرالیزم سیستمێکی سەپێنراو بوو، سیستمێک بوو تایبەتمەندیە جوگرافیەکان و دانیشتوان و بەهاکانی لەبەرچاو گرتبوو.

### سیستمی (Electoral College) و دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

لە دەستوری ئەمریکادا کە تێدا سیستمی حکومەتی فیدرالی دیاری کراوە شێوەیەکی تایبەتی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەست نیشان کردوە. سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئەستۆی یەک کەسدایە. ماوەی سەرۆک کۆماری ٤ ساڵە و بۆی هەیە تەنها دوو جار خۆی کاندید بکاتەوە. بە پێی هەموارکردنی ٢٢، پاش تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی فرانکلین رۆزڤلت، بڕیاردرا سەرۆک کۆمار تەنها بۆ دوو خول دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت.

بەڵام دیارترین جیاوازی سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک لە دەستوردا هاتوە بریتیە لە چۆنێتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. نوێنەران کۆمەڵێک پێشنیارو بیرو بۆچونیان خستەروو کە هەڵقوڵاوی واقعی وڵاتەکەیان بوو. ئەوان پێیان وابوو کەوا روبەری وڵاتەکە زۆر بەرفراوانە و زۆر سەختە هاوڵاتیان بتوانن زانیاری پێویست سەبارەت بەو کەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری کاندید دەکات بەدەست بهێنن. دەست ڕانەگەیشتنی کاندیدەکانیش بە هەموو هەرێمەکانی وڵات هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەو تایبەتمەندیەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمار سەربەخۆ بێت لە کارەکانیدا نەدەبوو

نوێنەرانی پەرلەمان هەڵیبژێرن. دەبێت خەڵک ڕۆڵیان هەبێت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا. هەربۆیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار سیستمی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) دیاریکرا. لە ڕاستیدا سیستمی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) بەخشینی ئیمتیازێک بو بۆ سیستمی فیدرالیزم.

لە هەمان کاتدا دەبێت بوترێت ئەم شێوازی هەڵبژاردنە ڕەتکردنەوەی حکومەتی زۆرینەیە. هەرچەندە ئەم شێوازە بەبەراورد لە گەڵ جۆرەکانی دیکەی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن جۆرێکە لە داهێنان، بەڵام پێشتر لە موستەعمەرەکاندا تاقیکرابووەوە. لە «مریلند» هەڵبژاردنی سیناتۆرەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو. لە موستەعمەرەکانی «نیوهمشایر و ماسوچوست» هەڵبژاردنی حاکمەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بو. واتە بە شێوازی یەک کەس و یەک ڕائی کە بنەڕەتی دیموکراسیەتە، نەبوو.

ئەو کاتەی ئەم شێوازەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار خرایەڕوو، هەرچەندە وەک باسمان کرد لە هەندێک ولایەتدا سیناتۆر و حاکمەکان بەو شێوازە هەڵدەبژێران، بەڵام بۆ زۆر کەس مایەی سەرسوڕمان بوو. ئەم شێوازە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە دەسەڵاتی یاسادانان نادات ڕۆڵی هەبێت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا نەتوانێت کەسێک دیاری کات کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت. لەبەر ئەوەی کۆنگرێس ڕۆڵی نابێت لە هەڵبژاردنیدا، بۆیە سەرۆک کۆمار پێویستی بەوە نییە ملکەچی بێت.

## بەشی یازدەیەم و کۆتایی

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار کرا بە دوو قۆناغەوە. خەڵک بە شێوەی ڕاستەوخۆ سەرۆک کۆمار هەڵنابژێرن، بەڵکو هەڵبژاردنەکە ناڕاستەوخۆیە.

**لە قۆناغی یەکەمدا** لە هەر ولایەتێکدا خەڵکەکە دەنگ دەدەنە ئەو کاندیدانەی کە دیاری دەکرێن. هەر کاندیدێک زۆرینەی دەنگەکەی هێنا دەبێتە نوێنەری خەڵک بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. پاش ئەوەی لە هەموو ولایەتەکاندا هەڵبژاردن بۆ نوێنەری ولایەتەکان کۆتایی پێدێت.

**لە قۆناغی دووەهەمدا** نوێنەری هەموو ولایەتەکان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا کۆ دەبنەوەو دەنگ دەدەن بە کاندیەکانی سەرۆک کۆمار. ئەو کاندیدەی زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەری ولایەتەکانی بەدەست هێنا، بە ڕەسمی دەبێتە سەرۆک کۆمار. (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) ناوەندێکی کاتیە و دوابەدوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، هەڵدەوەشێتەوە.

## دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

گەر هاتوو هیچ کاندیدێک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، ئەرکی هەڵبژادن دەسپێرێتە ئەنجومەنی نوێنەران، کە دەستەی نوێنەری هەر ولایەتێک خاوەنی یەک دەنگە و بە پێی دەنگی ولایەتەکان سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت. بنەماکانی کۆماری و فیدرالیزم لە سیستمی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

**ئەو بنەمایانەی کۆماری کە لە سیستم (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) رەچاو دەکرێن بریتین لە:**

١- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری.
٢- سنوردارکردنی مانەوە لە کۆشکی سپی.
٣- مافی دوبارە خۆکاندید کردنەوە.
٤- سەرۆک کۆماری بە پشتاوپشت نەبێت.
٥- بونی کۆمەڵە میکانیزمێک کە لە هەڵبژاردنەکاندا نەبێتە هۆی گوشار خستنە سەر دەنگدەران.

**ئەو بنەمایانەی فیدرالیزم کە لە سیستمی هەڵبژاردندا رەچاو دەکرێت بریتیە لە:**

١- بە پێی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) رێک بخرێن.

٢- دەسەڵاتی یاسا دانان چۆنیەتی هەڵبژاردنی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) دیاری دەکات. ئەمە بۆیە پەسەند کرا چونکە نوێنەران لەو باوەڕەدا بوون کە دەنگدانی راستەوخۆ لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا لە شێوەدا دیموکراسییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دیموکراسیی نییە، چونکە مافی کەمینە لە لایەک و مافی ولایەتە بچوکەکانیش لە لاکەی تر لە بەر کەمی دانیشتوانیان پێشێل دەکرێت.

**با لەم چەند خاڵەدا بە شێوەیەکی سادەتر قسەی لەسەر بکەین**

**تێگەیشتن لە سیستمی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) لە هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، باشترە لەم چەند خاڵەدا بە شێوەیەکی سادەتر قسەی لەسەر بکەین:**



سەرچاوە Serchawe

١- هەر ولایەتێک دوو سیناتۆری لە ئەنجومەنی سیناتی ئەمریکادا هەیە و بە پێی ژمارەی دانیشتوانیشی نوێنەری لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە. کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و سیناتۆرەکانی هەر ولایەتێکی ئەمریکا دەبێتە بنەما بۆ ژمارەی دەنگدەرانی ئەو ولایەتە لە (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) بۆ نمونە ولایەتێکی وەک کالیفۆرنیا کە دوو سیناتۆر و ٥٣ نوێنەری هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، کەواتە لە (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) ٥٥ دەنگی هەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا. بەم جۆرە ژمارەی دەنگەکانی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) هەر ولایەتێک دەردەکەوێت. کۆی گشتی دەنگەکانی (دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار) ٥٣٥ دەنگە بۆ هەر پەنجا ولایەتەکەی ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٧٠ سێ دەنگی بۆ ولایەتی واشنتۆن زیاد کرا و ژمارەکە بوو بە ٥٣٨ دەنگ.

٢- بۆ دەست نیشانکردنی Electoral لە هەر ولایەتێکدا دەسەڵاتی یاسادانان شێوازی تایبەت بە ولایەتەکە دیاری دەکات، واتە هەر ولایەتێک شێوەی جیاوازی خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی Electoral. ژمارەی Electoral لە هەر ولایەتێکدا رێک بەقەد ژمارەی سیناتۆرو ئەندامەکانی ئەو ولایەتەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان.

٣- بۆ سەرۆک کۆماری ئەو کاندیدانەی کە مەرجەکانیان تێدایە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. بە زۆری دوو کاندید هەیە یەکێکیان کۆماریخواز وئەوی دیکەیان دیموکراسیخواز. واتە خەڵکی ولایەتەکان دەنگ بە دوو کەس لە دوو حزبی جیاواز دەدەن.

٤- هەر حزبێک بە گوێرەی ژمارەی Electoral هەر ولایەتێک کاندید بۆ Electoral ئەو ولایەتە دەست نیشان دەکات و خەڵک دەنگ بە Electoral حزبەکان دەدەن. بۆ نمونە کالیفۆنیا ٥٥ Electoral هەیە، حزبی کۆماری لیستی ٥٥ کەس کاندید دەکات و حزبی دیموکراتیش لیستی ٥٥ کاندید. ئەو کەسانە کادیری چالاکی حزبی یان خەڵکانی وەفادار بەو حزبەن لەو ولایەتە.

٥- لە یەکەمین سێ شەمەی مانگی نۆڤەنبەری چوار ساڵ جارێک خەڵک بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ولایەتەکانیان لە Electoral College دەچن بۆ دەنگدان. لە لیستی حزبەکان هەرکەسێک زۆرترین دەنگی هێنا وەک براوە دیاری دەکرێت، هەر کەسێک گەر یەک دەنگ زیاتری هێنا دەبێتە براوە. بۆ نمونە ساڵی ٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنی ولایەتی فلۆریدا جۆرج دەبلیو بوش تەنیا بە ٥٠٠ دەنگ لە ئالگۆری بردەوە و براوەی ولایەتی فلۆریدا بوو.

٦- پاش ئەوەی خەڵکی ولایەتەکان دەنگیانداو کەسی براوە دیاریکرا، ئەو دەنگی هەموو ئەندامانی Electoral College ئەو ولایەتە بەدەست دەهێنێت. جگە لە دوو ولایەت «نبراسکا و مین» لە هەموو ولایەتەکانی دیکە هەرکەسێک

بیباتەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو دەنگەکانی Electoral College ئەو ولایەتە بۆ خۆی دەبات. واتە لەبەر ئەوەی باراک ئۆباما لە ولایەتی کلیفۆرنیا دەنگی لە جۆن مەکین زیاتر هێناوە، بۆیە ئۆباما لەو ولایەتەدا بە براوە دەژمێریت و هەر ٥٥ دەنگەکەی Electoral College بۆ خۆی دەبات. لە راستیدا بێ گوێدانە جیاوازی زۆر بێت یان کەم بە جیاوازی دەنگێکیش بێت براوەکە دەنگی هەموو بەشدارانی هەڵبژاردنەکە بۆ خۆی دەبات.

٧- بۆ ئەوەی بزانرێت کێ دەبێتە سەرۆک کۆمار دەبێت لە سەرەتادا بزانرێت لە ولایەتەکاندا کام کاندید براوەیەو زۆرترین دەنگی خەڵکی بەدەست هێناوە. دواتر دێن ژمارەی دەنگەکانی Electoral College هەر ولایەتێک دیاری دەکەن و دەیدەن بە کەسی براوە. دوای کۆی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن هەر کاندیدێکی سەرۆک کۆماری چەند دەنگی Electoral College بە دەست هێناوە. ژماردنەکە بەم شێوەیە ئەو ولایەتەی کە دیاری دەکەن بزانن کام کاندید بردویەتەوە. هەر کاندیدێک توانیبێتی ٥٠ + ١ی کۆی ٣٥٨ دەنگەکەکان واتە ٢٧٠ دەنگ بە دەست بێنێت دەبێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا.

٨- لە رۆژێکی دیاریکراو هەموو ئەندامە هەڵبژێراوەکانی Electoral College کۆ دەبنەوەو دەنگ دەدەن بە سەرۆک کۆمار. ئەوان دەنگ دەدەن بەو کەسەی کە خەڵکی ولایەتەکەیان دەنگیان پێداوە. زۆر دەگمەنە ئەندامێکی هەڵبژێراو بۆ Electoral College بە پێچەوانەی دەنگی زۆرینەی ولایەتەکەی دەنگی دابێت.

### هەموو ولایەتەکان بە شێوەی یەکسان دوو سیناتۆریان هەیە

ئەوەی ئەم سیستمە جیادەکاتەوە ئەوەیە، پشت بە بنەمای سەرەکی دیموکراسیی کە یەکسانی دەنگی هاوڵاتیانە نابەستێت. هەموو ولایەتەکانی ئەمریکا بە پێی ژمارەی دانیشتوانیان نوێنەرایەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو ولایەتەکان بە شێوەی یەکسان دوو سیناتۆریان هەیە لە Electoral College و گوێ بە ژمارەی دانیشتوان نادرێت.

دەنگی Electoral College ولایەتە بچوکەکان قورسایی زۆریان هەیە، چونکە هەرچەندە ژماری دانیشتوانیان کەمە، بەڵام دوو سیناتۆریان هەیە. کالیفۆرنیا کە دانیشتوانەکەی ٣٥ ملیۆن کەسە دوو سیناتۆری هەیە و «داکۆتای»یش کە ژمارەی دانیشتوانەکەی کەمترە لە یەک ملیۆن کەس خاوەنی دوو سیناتۆرە لە Electoral College. ئەوە بەو مانایەیە کە قورسایی دەنگی دەنگدەرێک لە ولایەتی کالیفۆرنیا بە هەمان قورسایی دەنگی دەنگدەرێکی ولایەتی داکۆتای باکور نییە.

هەرچەندە ئەوە پێچەوانەی بنەماکانی حکومەتێکی دیموکراسییە، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە هەموو ولایەتەکان بێ لەبەرچاوگرتنی روبەری جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانیان قورساییەکی یەکسان بدرێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارو



سەرچاوە
Serchawe

ئەنجومەنی سینات، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی سیستمی فیدرالیزمە.

تەنیا لە ڕێگەی سنوردار کردنی دەسەڵاتەوە دەکرێت ماف و بەرژەوەندیەکانی خەڵک بپارێزرێت . بوونی حکومەت گرێ دراوەتە پاراستنی ئازادیە سروشتیەکانی خەڵک. سنوردارکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە بنەمای حکومەتی فیدراڵیە لە چوارچێوەی سیستمی کۆماریدا، بە شێوەی دابەشکردنی ئاسۆیی دەسەڵات (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) و دابەشکردنی بە شێوەی ئەستونی دەسەڵات (حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی ولایەتەکان) دێتە دی.

سیستمی Electoral College بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە داهێنرا تاوەکو خەڵک مافی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکان کە مافێکی دیموکراسیە بۆ برەخسێت و بە پلەی دووهەمیش بۆ ئەوە بوو کە ولایەتەکان کە بڕبڕەی پشتی سیستمی فیدرالیزمن وەک کۆمەڵە یەکەیەکی جوگرافی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا ڕۆڵیان هەبێت. هەرچەندە ئەم شێوازەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی پتەو دیموکراسیی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجەکەی لەوەدایە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بەسەر خەڵکی ولایەتەکاندا زاڵ نەبێت و مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەکان (ولایەتە بچوکەکان و دانیشتوانەکانیان)ە، بۆیە ڕەوایەتی هەیە.

---

ئەم بابەتە وەک زنجیرە لە ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ تا ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

لە ماڵپەڕی کوردستانی نوێ بڵاو بۆتەوە

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٣٧١٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ی زایینی

نۆژەن کردنەوە: خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ د. حسین دهشیار وەرگێڕانی مەجید ساڵح**

**بۆ ئەم لێکۆڵینەوە کە سەبارەت بە مێژوو و بنەماکانی سیستمی هەڵبژاردن لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردوویانە.**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن.**

**ڕەحمان نەقشی**


